# نۆڤێچپێنتۆی پیانۆژەن

ناوی کتێب: نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن
نووسینی: ئەلێساندرۆ باریکۆ
وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی
بابەت: مۆنۆلۆگی درامایی
هەڵەچن: سارا عەبدوڵا
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
تیراژ: دانە
ژمارەی سپاردن:
چاپی یەکەم: ساڵی 2007
کوردستان - سلێمانی

ئەلێساندرۆ باریکۆ

# نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن

یان

## ئەفســـانەی 1900

وەرگێڕانی

ئازاد بەرزنجی

سلێمانی 2007

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:**

ئەم کارەم لەم دوو دەقە فارسییەوە کردووە بە کوردی بە بەراوردکردنەوەیان لەگەڵ یەکتریدا، هەردوو دەقە فارسییەکەش لە ئەسڵە ئیتاڵیاییەکەوە وەرگێڕراون:

نووە چنتو
الساندرو باريكو
ترجمە: حسين معصومى همدانى
انتشارات نيلوفر (2006)

نووە چنتو
الساندرو باريكو
ترجمە: آرزو اقتدارى
انتشارات مؤسسە ايران (1998)

## نۆڤێچێنتۆ... کوڕە تەنیاکەی دەریا

لە پێشەکیی دوو ڕۆمانی تری ئەلێساندرۆ باریکۆدا کە پێشتر کردوومانن بە کوردی و چاپ و بڵاوبوونەتەوە (واتە ڕۆمانی– ئاوریشم– و ڕۆمانی– بەبێ خوێن–) کەم تا زۆرێك لەسەر باریکۆو کارەکانی بەگشتی وەستاوین و تاڕادەیەك خوێنەری کورد بە بەشێك لە ژیان و کارە ئەدەبییەکانی ئەم نووسەرە ئاشنابووە، هەربۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانین ئەو زانیارییانە دووبارە بکەینەوەو لەبری ئەوە ئەم چەند دێڕە بۆ قسەکردن لەسەر (نۆڤێچێنتۆ)و شێوازو تایبەتمەندییەکانی ئەم دەقە تەرخان دەکەین.

مۆسیقا زۆرترین پانتایی لەم دەقەدا داگیرکردووە. کاتێکیش دەزانین کە باریکۆ خۆی لە بنەڕەتدا پسپۆڕییەکەی لە مۆسیقادا بووەو تەنانەت پەیمانگایەکی تایبەتیشی بە مۆسیقا دامەزراندووە، ئەوا ئەم بایەخە تایبەتەی باریکۆمان بە مۆسیقا

بـەلاوە سـەیر نابێـت. بـەمجۆرە دەبیـنین مۆسـیقا دەبێتـە جێگرەوەی هەموو ماناکانی ژیان لای نۆڤێـچێنتۆ، ئـەو مانـای تەواوی بوون و ڕزگاریی بوونی خۆی لە مۆسیقادا دەبینێتەوەو هەر لە ڕێی کلیلەکانی پیانۆکەیەوە گوزارشت لە ئـازارو حـەزو خەون و خولیاکانی دەکات، بگـرە گوزارشـت لـە هـەموو ئـەو شـتانە دەکـات کـە بـەهیچ شـێوەیەکی دی گوزارشـتیان لێ نـاکرێ. هەربۆیـە مۆسـیقا دەبێتـە ئەبەدییـەت و جاویـدانی و نۆڤێچێنتۆش هەر لەو ڕێیەوە ڕووبەڕووی تەنیاییەکانی و ژان و نهێنییـــەکانی بـــوون و بێماناییـــەکانی ژیـــانی مـــردوو و دووبارەبۆوەی زۆربەی خەڵك دەبێتەوە، بەتایبـەتیش خـەڵکی شـارە گـەورەکان کـە وەکـو دووبارەبوونـەوەی شـەقامەکانی شـــارەکانیان ژیانیـــان دووبارەیـــەو لـــەنێو بـــەرزایی تـــەلارو ســـاختومانە بەرزەکانـــدا ون بـــوون و بیرۆکراســـی ڕۆحـــی داکرۆژتوون. بەلای نۆڤێچێنتۆوە خەڵکی شـارەکان لـە زمـانی دەریا تێناگەن، پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکـەین کـە لـەم کـارەدا هـەروەك چـۆن مۆسـیقا سـیمبولی جاویدانییـە، ئاواش دەریاو ئۆقیانووس سیمبولی جاویدانی و بێکۆتایین.

نۆڤێچێنتۆ هەر لە سەرەتاوە دەزانێت کە ئەو سـەربە دونیـای ئەو خەڵکانە نییە کە مانای ژیانیان لـە ژاوەژاوە بێهوودەکـانی

شاردا وندەکەن، ئەوەتانێ ئەو هەر لەناو کەشـتییەکدا لـەدایك دەبێت و تاکۆتایی ژیانیشی نە لـە شـوێنێکی ڕەسمیـدا نـاوی تۆمار دەکرێ و نە ناسنامەیەکی دەبێت، تاقە ناسنامەیەك کـە ئـەو شـکی دەبـات ناسـنامەی داهێنـان و مۆسـیقاکەیەتی .
نۆڤێچێنتۆ عاشقی مۆسیقایە وەك مۆسیقا خۆی ، نـەك وەکـو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە هەندێ مەرامی کـاتی و ڕۆژانـە، بگـرە نـەك بـۆ گەیـشتن بـەناوبانگ و نـاوازەییش. ئـەوەتانێ کاتێـك (داهێنەری جاز) (جێلّی ڕۆڵ) دێت و دەیەوێ وەکـو ڕکابـەرێك بیبەزێنێت، ئەو تا ئەو ساتەش لە ماناکانی ناوبانگ و ڕکابەری و یەکتر بەزاندن تێناگـات و بگـرە بـە سـۆزەوە گـوێ بـۆ ئـەو ئاوازە شل دەکات کـە داهێنـەری جـاز دەیـژەنێت و لەگەڵیـدا دەورووژێ و دەخرۆشـێ، چـونکە ئـەو وەکـو هونەرمەنـدێکی سەر بە دونیاکـەی خـۆی لێـی دەڕوانێـت و بـە نـەیاری خـۆی نازانێـت، بـەڵام کاتێـك بـۆی دەردەکـەوێت کـە ئـەو بـەنیازی شکاندنی ئەم هاتووە بۆ ئەو ڕکابەرییە، دیسانەوە نۆڤێـچێنتۆ هەر لە ڕێی زمانی مۆسیقاوە وەڵامی دەداتەوە.
نۆڤێچێنتۆ جوانترین ئاوازی خۆی بۆ شۆخێك دەژەنێت کە بـە ڕێکـەوت دەیبینێـت و لـە خـەیاڵی خۆیـدا دەیکـات بـە خۆشەویـستی خـۆی. ئـەو هـەروەکو خـۆی دەڵێـت هـەموو

ئافرەتەکانی دونیای لـەو شـۆخەدا بینییـەوە، کاتێـك ئـەویش ڕۆیشت، هـەموو ئافرەتـەکانی تـریش لەگەڵیـدا ڕۆیـشتن، ئـەم نهێنییـەش لای کـەس نادرکێنێـت، چـونکە ئـەو خـۆی بـاش دەزانێت کـە بـە تـەنها مەگـەر مۆسـیقا نهێنـی ئـەو عیـشقەی بگرێتە خۆی و گوزارشتی لێ بکات، بەڵام ئەو وەکو چۆن هـەر لە ساواییەوە لە هەموو شتێك بێبەش بوو، تەنانەت لە دایك و بـاوکیش، لـە خۆشەویـستی ئـەو شـۆخەیش بێبـەش و ناکـام دەبێت.

کاتێکیش تاقە هاوڕێکەی جێیـدێڵێت و ئـەو ئامـادە نابێـت لـە کەشتییەکە بچێتە خواری، پاش ساڵانێك و لـە سـاڵانی دووەم جـەنگی جیهانیـدا کەشـتییەکە کـە بـۆ مەبەسـتەکانی جـەنگ بەکاردەبرا، بێکەڵك و پەڕپووت دەبێت و بڕیاری تەقاندنـەوەی دەدەن، بەڵام نۆڤێچێنتۆ هەر کەشتییەکە جێناهێڵێت، چونکە بەتاقە ماڵ و تاقـە نیـشتمانی ڕاسـتەقینەی خـۆی دەزانێـت و دواجـاریش لەگـەڵ تەقاندنـەوەی کەشـتییەکەدا پارچـەکانی جەستەو ڕۆحی ئەویش تێکەڵ بە ئاوی دەریا دەبێتـەوەو ئـەو مرۆڤەی لە ناوجەرگەی دەریـادا هاتـە دونیـاوە لـە کۆتاییـشدا هەر بۆ ناو دەریا دەگەڕێتەوە.

دەقـی نۆڤێـچێنتۆ هـەروەکو ئەلێـساندرۆ بـاریکۆ خۆیـشی ئاماژەی پێداوە، لە بنەڕەتدا وەکـو مۆنۆلـۆگێکی درامـایی بـۆ دەرهێنەرێك و ئەکتەرێکی شانۆیی نووسراوە تـا لەسـەر شـانۆ نمایش بکرێ، هەر بۆیە ڕووداوەکان لەسەر زاری ئەکتەرێکەوە دەگێڕڕێنـەوەو هـەر خۆیـشی ڕۆڵـی زۆربـەی کاراکتـەرەکان دەبینێت، بۆیە لە هەندێ شـوێنی دەقەکـەدا هەنـدێ ڕێنمـایی شـانۆیی بەرچـاوی خوێنـەر دەکـەون، بـەڵام ئـەوەی جێـی ئاماژەپێدانە ئەوەیە کە ئـەم دەقـە پـتر لـە دونیـای ڕۆمانـەوە نزیکە وەك لە دونیای شانۆو گەر ئەو ڕێنماییانە نـەبن خوێنـەر هەسـت ناکـات لەبـەردەم دەقێکـی درامـاییدایـە، بەهـەرحاڵ ئەوەش هیچی لە جوانی دەقەکە کەم نەکردۆتەوە.
بەرلەوەی کۆتایی بەم چەند دێڕە بهێنم، دەمـەوێ ئامـاژە بـۆ ئەوە بکەم کە بـاریکۆ وەکـو چـۆن لـە هەنـدێ دەقـی تریـشدا پەنای بۆ شـێوازی مینیمالیـستی بـردووە، ئـەدگارەکانی ئـەم شێوازە لـەم کارەشـیدا دەبینینـەوە، زۆر بەچـڕی و کـورتبڕی بەسـەرهات و ڕووداوەکانمـان بـۆ دەخاتـەڕوو و بـاقی وردەکارییەکان بۆ خەیاڵ و فانتازیای خوێنەر جێـدێڵێت، هـەر بۆیە ئەم جـۆرە دەقانـە پێویـستیان بـە خوێنـەرێك هەیـە کـە

وردتر لەسەر شتەکان بوەستێت تا زیاتر لە مەودا شاراوەکانی دەقەکە بگات.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە سەرچاوەی مـن بـۆ ئـەم وەرگێڕانـە دوو دەقـی فارسـی بـووە کـە هـەروەکو ئاماژەشـم پێـداون یـەکێکیان (ارزو اقتـداری) وەریگێـڕاوەو ئـەوی تریـشیان (حسین معصومی همدانی)، منیش لـە بـەراوردکردنی هـەردوو دەقەکەوە لەگەڵ یەکدا ئەم وەرگێڕانەم ئەنجامداوە.

بەهەرحاڵ، لە کۆتاییداو لەگەڵ گەشتە دەریاییەکانی کەشتیی (ڤێرجینیـەن)و ئـاوازە سـیحراوییەکانی نۆڤێـچینتۆدا هیـوای سەفەرێکی خۆش بۆ خوێنەری ئازیز دەخوازم...

ئازاد بەرزنجی

سلێمانی 2007

ئەم دەقەم بۆ ئەکتەرێك نووسی، کە ناوی (یۆجینۆ ئەلێگری Eugenio Allegri)یە، لەگەڵ دەرهێنەرێکدا کە ناوی (گابرێل ڤاچیس Gabriele Vacis)ە. ئەمانە نمایشێکیان لە دەقەکە سازکرد. کە لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا لە فێستیڤاڵی (ئاستی Asti)دا پێشکەش کرا. نازانم ئاخۆ بەم پێیە دەتوانم بڵێم کە نمایشنامەیەکم نووسیوە یان نا؟ لەم ڕووەوە دوودڵم! ئێستاش کە لە شێوەی کتێبێکدا دەیبینم، وایدەبینم کە دەقێکە لەنێوان نمایشێکدا، دەشێ پێشکەش بکرێ و چیرۆکێکی درێژ کە پێویستە بەدەنگی بەرز بخوێنرێتەوە. ناشزانم ئاخۆ ئەم جۆرە دەقانە ناوێکی تایبەتییان هەیە یان نا؟! بەهەرحاڵ، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ نییە. بەلای خۆمەوە چیرۆکێکی جوانەو شایانی گێڕانەوەیەو پێم خۆشە بخوێنرێتەوە.

**ئەلێساندرۆ باریکۆ**

**سێپتامبەری 1994**

**نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن**

هەمیشە واڕێدەکەوت کە لە شوێنێکەوە یەکێك سەری بەرزدەکردەوەو... دەیبینی. نازانم چۆنی باس بکەم! دەمەوێ بڵێم زیاتر لە هەزار کەس دەبووین لەو کەشتییەدا، هەموو جۆرە بنیادەمێك لەناوماندا هەبوو، هەر لە موسافیری دەوڵەمەندەوە بگرە تا دەگاتە خەڵکی کۆچەری و کەسانی سەیروسەمەرە، هەروەها ئێمە خۆمان، بەڵام لەناو هەمووماندا بەردەوام یەکێك هەبوو، تەنها یەکێك کە بەر لەهەموو ئەوانی تر دەیبینی. یەکێك کە ڕەنگە لەوکاتەدا خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بووبێت، یان بەسەر کەشتییەکەوە خەریکی پیاسەکردن بووبێت... یا لەوانەشە خەریکی هەڵکێشان و توندکردنەوەی پانتۆڵەکەی بەری بووبێت.. لەو ساتەدا کە سەری بەرزدەکردەوەو چاوی دەبڕییە ئاسۆی دووری

ئۆقیانووسەکە...و دەیبینی. ئیتر لەو ساتەدا لەجێی خۆیدا جام دەبوو و بەجۆرێك دڵی دەکەوتە پەلەپەل وەك ئەوەی بیەوێ لە سنگی بێتەدەرێ. هەموو جارێکیش، سوێندتان بۆ دەخۆم هەموو جارێك ڕووی دەکردەوە ئێمە، واتە لە کەشتییەکەو هاواری دەکرد: ئەمەریکا. ئینجا لەهەمان شوێندا دەمایەوەو جووڵەی بۆ نەدەکرد, وەك ئەوەی بۆ وێنەگرتن وەستابێت و ئەو بووبێت ئەمەریکای دروست کردبێت، بۆ نموونە دەتوانین وادابنێین کە شەوان کاتێك لە ئیش بۆتەوە، بەتایبەتیش یەکشەممان ژنبراکەی کە وەستا بووەو پیاوێکی باشیش بووە.. سەرەتا ویستوویەتی بە دارو تەختەی هەرزان شتێك دروست بکات، بەڵام دواتر وردەوردە بیرۆکەی تری بۆ هاتووەو ئەمەریکای دروست کردووە...

ئەوەی لە کەشتییەکدا پێش هەموو ئەوانی ترو بۆ یەکەمجار ئەمەریکا بەدی دەکات، تاقە کەسێکە، بڕوابکەن ئەمە شتێك نییە بەڕێکەوتیش ڕووبدات... نا، تەنانەت مەسەلەکە پەیوەندیی بە توانای بینینی ئەو کەسەشەوە نییە، بەڵکو مەسەلەکە چارەنووسە. ئەم جۆرە کەسانە هەر لە یەکەم ڕۆژی ژیانیانەوە ئەو ساتەیان لە نێوچەوان نووسراوە. تەنانەت بە منداڵیش ئەگەر باش لە ڕووخساریان وردبوویتایەتەوە

ئەمەریکات لەناو چاویاندا دەبینی. ئەمەریکا ئامادەبوو تا لەناو چاویدا بجوولێت و بە سەرتاسەری دەمارەکانیدا یان خوێنیدا بگوزەرێ تا دەگاتە مێشکی و لەوێشەوە بەرەو زمانی بڕوات و لە کۆتاییشدا ببێت بەو هاوارە (هاوار دەکات) ئەمەریکا. پێشتر هەموو ئەمەریکات لەناو چاویدا دەبینی کە چاوەڕێی دەکرد.

(دانی بوودمان تی. دی. لیمۆن نۆڤێچێنتۆ) ئەمەی بۆ گێڕامەوە، گەورەترین پیانۆژەن کە بەسەر ئاوی ئۆقیانووسەکانەوە پیانۆی دەژەنی. ئەو دەیوت: "دەتوانیت لەچاوی خەڵکیدا ئەو شتانە ببینیت کە دواتر دەیبینن نەك ئەوەی کە پێشتر بینیویانە."

من لەم ئەمەریکایانەم زۆر دیوە... حەوت ساڵ بەسەر ئەو کەشتییەوە بووم، ساڵی پێنج شەش جار سەفەری نێوان ئەمەریکاو ئەورووپای دەکرد، بەردەوام لەناو ئاودا لارولەنجەی دەکرد، بۆیە کاتێك دەگەیشتیتە وشکایی نەتدەتوانی لە ئاودەستەکەشدا خۆت ڕابگریت و ڕێك لەئاستی کونەکەدا میز بکەیت. نەك لەبەرئەوەی کونەکە دەهات و دەچوو, بەڵکو لەبەرئەوەی تۆ لەترت دەداو وەکو جۆلانە دەهاتیت و

دەچوویت. لەبەرئەوە تۆ دەتوانیت لە کەشتی بێیتە خوارێ، بەڵام لە ئۆقیانووس نا...

من حەڤدە ساڵان بووم کە سواری ئەو کەشتییە بووم، لە ژیانیشمدا تەنها یەك شتم بەلاوە گرنگ بوو: ژەنینی (ترومپێت). ئیتر ئەوەبوو کاتێك لە بەندەرەکە مقۆمقۆی ئەوە پەیدابوو کە بەدوای کەسانێکدا دەگەڕێن تا لە کەشتیی ڤێرجینیەندا کاربکەن، منیش بەخۆم و ترومپێتەکەمەوە چووم و لە ڕیزەکەدا وەستام. کانوونی دووەمی (1927)بوو. کابرای بەرپرس پێی وتم:

- ژمارەی ژەنیارەکانمان تەواوە؟

منیش وتم:

- دەزانم..

ئینجا دەستم کرد بەژەنین. بەبێ ئەوەی زمان هەڵبێنێتەوە چاوی تێ بڕیبووم و ڕەق ڕاوەستابوو. بێدەنگ بوو تا لە ژەنینی ئاوازەکە بوومەوە، ئینجا لێی پرسیم..

- ئەمە چی بوو؟

- نازانم.

چاوەکانی درەوشانەوەو وتی:

- کە نەزانیت چییە، کەواتە جازە.

ئینجا بەشێوەیەکی سەیر دەمی جوولاند، لەوەدەچوو پێبکەنێت، لە ڕیزی پێشەوەی ددانەکانیداو لە ناوەڕاستدا ددانێکی ئالتوونی هەبوو. دەتوت لە جامخانەدایەو بۆ فرۆشتن داینراوە.

- لە سەرەوە کوشتەی جازن.

مەبەستی لە (سەرەوە) ناو کەشتییەکە بوو، پێکەنینەکەشی مانای ئەوەبوو کە قبوولّ کراوم.

ڕۆژی سێ چوار جار مۆسیقامان دەژەنی. یەکەمجار بۆ دەوڵەمەندەکانی بەشی نمرە یەك، پاشان بۆ نمرە دووەکان و جارجارەش دەچووینە لای کۆچەرییە کلۆڵەکان و شتێکمان بۆ ئەوانیش دەژەنی، بەڵام لەوێ جلی ڕەسمیمان لەبەر نەدەکردو هەرچیەکمان بۆ بهاتایە ئەوەمان دەژەنی و هەندێجار ئەوانیش دەهاتن و لەگەڵماندا مۆسیقایان لێ دەدا. مۆسیقامان بۆیە دەژەنی تا موسافیرەکان هەست بە تێپەڕینی کات نەکەن و لەبیریان بچێتەوە کێن و لە کوێن. مۆسیقامان دەژەنی تا سەما بکەن، چونکە ئەگەر سەما بکەیت نامریت و هەست بەجاویدانی دەکەیت. (ڕەگتایم)مان دەژەنی، ڕەگتایم مۆسیقایەکە ئەو خواوەندانەی کە کەس نایانبینێت لەگەڵیدا

بەسەما دێن. ئەو مۆسیقایەی کە بەتەنها خواوەندە ڕەشەکان پێی بەسەما دێن.

(ئەکتەرەکە لەسەر شانۆ دەچێتە دەرێ، ئاوازی دیکسی بەرزدەبێتەوە، کە ئاوازێکی شادیهێنە، بەڵام بەتاڵە. ئەکتەرەکە کە جلی ڕەسمیی جازژەنی لەبەرکردووە دێتەوە سەر شانۆ. لێرە بەدواوە بەجۆرێك هەڵسوکەوت دەکات وەك ئەوەی ئۆرکێستراکە لەسەر شانۆ بێت).

خانمان، بەڕێزان، بەخێرهاتن بۆ ئەم کەشتییە، بەخێرهاتن بۆ ئەم شارە مەلەوانەی کە هەر لە تایتانیك دەچێت. ئێستاش هێور ببنەوەو فەرموون دابنیشن. بەڕێزێك دەبینم لەو بنەوە زۆر سەری قاڵە، بەخێربێیت بۆ ئۆقیانووس، بەڕاست لێرە چی دەکەیت؟ گەرەوت کردووە؟ خاوەن قەرزەکان داوای قەرزەکانیانت لێ دەکەنەوە؟ سێ ساڵ لە کاروانی ئەوانە دواکەوتوویت کە بەدوای ئاڵتوونندا دەگەڕێن؟ دەتویست ناو کەشتییەکە ببینیت و ئاگات لێ نەماوە کەشتییەکە کەوتۆتە ڕێ؟ لە ماڵەوە هاتوویتەتە دەرێ تا پاکەتێك جگەرە بکڕیت و ئێستا خانمەکەتان چووە بۆ فەرمانگەی پۆلیس و دەڵێت: "تێکڕا پیاوێکی باش بوو، پیاوێکی ئاسایی بوو، بەدرێژایی سی ساڵ ژیانی ژن و مێردایەتیمان تاقە جارێك چییە نەبووە

بە ناخۆشیمان..."، بەکورتیەکەی چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟ ئێرەیەك کە سێ سەد هەزار کیلۆمەتر لە هەر وێرانەیەکەوە دوورە، بەڵام دوو دەقیقەت ماوە بۆ بەزمێکی دی؟

ببوورە خانم گاڵتەم دەکرد. ئەم کەشتییە دەڵێیت تۆپێکی بلیاردەو بەسەر مێزی ئۆقیانووسدا خلۆر دەبێتەوەو بەرەو پێشەوە دەڕوات، تاق، شەش ڕۆژو دوو سەعات و چل و حەوت دەقیقەی ترو تاپ... دەکەوێتە چاڵی (نیویۆۆۆرك)ەوە!

(ئۆرکێسترا لە پێشەوەی شانۆدایە)

وابزانم پێویست ناکات ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە ئەم کەشتییە کەشتییەکی چەند سەرسوڕهێن و نائاساییە. فەرماندەکەی کاپتن (سمیث)ە کە زۆر لە شوێنە داخراوەکان دەترسێت، لەهەمانکاتدا پیاوێکی زۆر ژیرە (بێگومان سەرنجتان داوە کە لە بەلەمی فریاکەوتنەکەدا دەخەوێت.) هەروەها بەڕێزان لەم کەشتییەدا کۆمەڵێك کەسی کارامە لە خزمەتی ئێوەدان: (پۆڵ سیزینسکیج)، کە سوکانداری کەشتییەکەیەو قەشەیەکی پێشووی پۆڵەندییە. کابرایەکی زۆر هەستیارە، دەرمانی هەموو دەردێکی لایە، بەڵام بەداخەوە نابینایە. (بێل یۆنگ) کە لەسەر جیهازی بێ سیمەکەیە، شەترەنجزانێکی لێهاتووە، بەڵام دەستێکی نییەو زمانی

دەیگرێت.. دکتۆر (کلۆسـەرمان شـپیتزڤێگنز دۆرفنتـاگ) کـە دکتۆری کەشتییەکەمانە، لەکاتی پێویستدا دەتوانن تا تینتـان تیایە بـەو نـاوە دوورودرێـژەی خۆیـەوە بـانگی بکـەن و ئیـدی ئـەویش بەدەنگتانـەوە دێـت... بـەڵام لەسـەروو هەموویانـەوە (مـسیۆ پـاردان)بـوو کـە لێپرسـراوی چێـشتلێنەرانەو لـە ناوجەرگـەی پاریـسەوە هـاتبوو. کـاتێ بـۆی دەرکـەوت کەشتییەکەمان چێـشتخانەی تیانییـە، یەکـسەر گەڕایـەوە بـۆ پاریس. هەڵبەت ئەم شتە (مسیۆ کامامبێر) باسـی کـرد، کـە موسافیری ژووری ژمارە دوانزدەیـەو هـەر ئـەمرۆش بۆڵـەبۆڵی بوو گوایە حەوزی دەسشۆرەکەیان پڕکردووە لە ساسی مایۆنیز، ئەمەش سەیرە! چونکە ئێمـە عادەتـەن وردە پـەنیری تـێ فـڕێ دەدەین نەك مایۆنیز، لەبەرئەوەی چێـشتخانەیەکی گونجاومـان نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی چێـشتلێنەرێکی باشمـان نییـە لـە کەشتیەکەدا، چێشتلێنەرێکی ڕاستەقینەی وەکو مسیۆ پـاردان کە دوای ئەوەی بـۆی دەرکـەوت چێـشتخانە لـە کەشـتییەکەدا نییە بێ ڕاوەسـتان گەڕایـەوە بـۆ پـاریس. هـۆی نـەبوونی ئـەم چێـشتخانەیەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەنـدازیار (کـامیلێری) کـە دروستکەری ئەم کەشـتییە بـوو و لـە بـێ ئیشتیهاییـشیدا بـۆ

خواردن ناوبانگێکی جیهانی هەبوو. لە ئێوە داواکارم لەدڵـەوە چەپڵەیەکی گەرمی بۆ لێبدەن...

(ئۆرکێستراکە لەپێشەوەی شانۆکەدایە)

بڕوابکەن کەشتییەکی تری لەمجۆرە لە دونیـادا نییـە، سـالآنێك بگـەڕێن نـاتوانن کاپتنێـك بدۆزنـەوە کـە لـە شـوێنی داخـراو بترسـێت؟ یـا سـوکانداڕێکی کـوێر؟ یـان یـەکێك کـە لەسـەر جیهازی بێسیم بێت و زمـانی بیگرێـت؟ یـاخود دکتۆرێـك کـە ناویت بـۆ لەبەرنـەکرێ؟ هـەموو ئەمانـە لـە کەشـتییەکی بـێ چێشتخانەدا کۆبووبنەوە، بەڵام ئەو شتەی هەرگیز نایدۆزنـەوەو بەخواش سوێندتان بۆ دەخۆم... ئەوەیە کە ئێوە لێرە لەسەر دە سانتیمەتری مۆبیلەیەك دانیشتوون، بـەڵام ژێرەوەتـان هـەزاران مەتری شەش پاڵوو ئاوە، ڕێك لـە ناوەڕاسـتی ئۆقیانووسـدان و مــوعجیزە لەبەرچــاوتاندا ڕوودەدات و شــتی سەیروســەمەرە دەبیستن، پێتان بە ڕیتمەوە دەجووڵێنن و دەنگی جاویدان و بێ وێنــەی ئۆرکێــسترای جــازی ئــەتلانتیك لــە دڵتانـدا دەنـگ دەداتەوە!!!

(ئۆرکێستراکە لە پێشەوەی شانۆدایە، ئەکتەرەکـە یـەك بەیـەك ژەنیارەکان دەناسـێنێت و دوای هـەر ناوێـك ئـاوازێکی کـورت دەبیسترێ)

ژەنیاری کلارنێت، (سام واشینگتۆن) کە بە (خەواڵوو) ناسراوە!

ژەنیاری بانجۆ، (ئۆسکار دیلاگێرا)!

ژەنیاری ترومپێت، (تیم توونی)!

ژەنیاری ترومبۆن، (جیلْ جیم گالۆپ)، ناسراو بە (هەناسە)!

ژەنیاری گیتار، (سامۆییل هۆکینز)

دواهەمینیش ژەنیاری پیانۆ... دانی بوودمان تی. دی. لیمۆن نۆڤێچێنتۆی لە هەمووان گەورەتر.

(لەپڕێکدا مۆسیقا نامێنێت، ئەکتەرەکە واز لە ئاوازی نمایشەکە دەهێنێت و بەدەم قسەکردنەوە جلە ڕەسمییەکەی ژەنیاری دادەکەنێت)

هەر بەڕاستی لە هەموومان گەورەتر بوو. ئێمە مۆسیقامان دەژەنی، بەڵام ئەو شتێکی تری دەژەنی.. شتێکی دەژەنی کە پێشتر بوونی نەبوو، تێدەگەن؟ مۆسیقایەك کە لە هیچ شوێنێك نەبوو. کاتێکیش کە لەسەر پیانۆکە هەڵدەستا ئیدی خۆشی دیارنەدەما... ئیدی بۆ هەتا هەتایە دانی بوودمان تی. دی. لیمۆن نۆڤێچێنتۆ دیارنەدەما. دواجار کە بینیم لەسەر بۆمبێك دانیشتبوو.. گاڵتە ناکەم لەسەر سندوقێك دینامیت دانیشتبوو. بەسەرهاتەکەی درێژە... نۆڤێچێنتۆ دەیوت: "تا

چیرۆکێکت هەبێت بۆ گێڕانەوەو کەسێکیش هەبێت بۆی بگێڕێتەوە، ئیشت باشە." ئەو خۆی بۆ خۆی چیرۆکێك بوو. چیرۆکەکەی شێتانە بوو، بەڵام تا بڵێیت چیرۆکێکی جوان بوو... ئەو ڕۆژەش کە لەسەر داینامیتەکە دانیشتبوو چیرۆکەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە، لەبەرئەوەی من باشترین هاوڕێی بووم و.... تابڵێیت ڤیرسیچمەش بووم، شڕوشیتاڵیشم دەربهێنن هیچم لێ هەڵناکرێنن، ئەوەتانێ تەنانەت ترومپێتەکەشم فرۆشتووە، بەڵام ئەم چیرۆکە... نا... ئەم چیرۆکەم هەر پاراستووە، هەر لێرەدا پاراستوومە (دەست بۆ دڵی دەبات) چیرۆکێکی ڕوون، بەڵام نەگوتراو، ڕێك وەك مۆسیقای ناوجەرگەی ئۆقیانووس، ئەو مۆسیقایەی کە ناوبەناو پیانۆ سیحراوییەکەی دانی بوودمان تی. دی. لیمۆن نۆڤێچێنتۆ دەیژەنی.

(ئەکتەرەکە دەچێتە دەرەوەی شانۆکە. دەنگی ئۆرکێستراکە دێت کە ئاوازی کۆتایی دەژەنن، کاتێك دوا نەغمەی ئۆرکێسترا خامۆش دەبێت، ئەکتەرەکە دێتەوە سەر شانۆ) دەریاوانێك کە ناوی دانی بوودمان بوو دۆزیبوویەوە. بەیانیەکیان لە بۆستن کە خەڵکەکە هەموو لە کەشتییەکە دابەزین لەناو کارتۆنێکی مقەبادا دۆزییەوە. هەمووی دە

ڕۆژێــك دەبــوو لــەدایك بووبــوو، نەشــدەگریا، چــاوەكانی كردبوونەوەو بە بێدەنگی لـەناو كارتۆنەكـەدا پاڵكـەوتبوو. لـە هۆڵی سەماكردنەكەی بەشی نمرە یەك لەسەر پیانۆكە داینابوو، بــەڵام سەروســیمای لــە منــاڵی دەوڵەمەنــدەكانی نمــرە یــەك نەدەچـوو. ئەمــە زیــاتر ئیـشی كۆچـەریەكانە. بەدزییــەوە لــە قــوژبنێكی كەشــتییەكەدا مناڵێــك دەخەنــەوەو هەرلــەوێش دایــدەنێن، بــەڵام نــەك بــەنیازی خراپــەوە، بــەڵكو بــەهۆی بەدبــەختی و كلۆڵییانــەوە. هــەروەكو بەســەرهاتی جلـەكانیان كاتێك سواری كەشتییەكە دەبوون جلێكی پینەپینەیان لەبـەردا دەبوو، جلێكی شڕو پەڕپووت. لەوەزیاتر هیـچی تریـان نـەبوو، بــەڵام دواتــرو لەبەرئــەوەی ئەمــەریكاش هــەر ئەمەریكایــە، دەتبینین بە جلێكی ڕێكوپێكـەوە لـە كەشـتییەكە دادەبـەزین. پیاوەكان بە بۆینباخەوەو مناڵـەكانیش بـە كراسـی سپییەوە.. چونكە دەیـانزانی چـیی دەكـەن. بەدرێـژایی ئـەو بیـست ڕۆژی ســەفەرە قوماشــیان لێــدەكردەوەو دەیانــدوورین، ئــیتر وای لێـدەهات پـەردەو چەرچـەف لـە كەشـتییەكەدا نـەدەما. جلـی تازەیــان بــۆ ئەمــەریكا لیٚ دەدووری و بــۆ هــەموو كەســانی خێزانەكە. بۆ كەس دەیتوانی هیچیان پیٚ بڵێت!!...

بەکورتی ناوبەناویش منالێکیان دەبوو کە دەبووایە کابرای کۆچەری هەم تێری بکردایە هەم لە فەرمانگەی کۆچیش دەبووە مایەی دونیایەك دەردەسەری بۆی, ئیتر بۆیە لەناو کەشتییەکەدا جێیاندەهێشت، دیارە لەجیاتی پەردەو چەرچەفە تالآنکراوەکان جێیاندەهێشت.. بێگومان بەسەرهاتی ئەم منالەش شتێکی لەم جۆرە بووە. دیارە گوتوویانە ئەگەر منالەکە بخەینە سەر ئەو پیانۆیەی هۆڵی سەماکردنەکەی بەشی نمرە یەك، لەوانەیە کابرایەکی دەوڵەمەند هەڵیگرێتەوەو ئیتر هەتا ماوە ژیانی لە خۆشیدا دەبێت. نەخشەکە نەخشەیەکی باش بوو، بەڵام بەتەواوی سەری نەگرت. دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام بوو بە پیانۆژەن، گەورەترین پیانۆژەن، بڕوابکەن.. گەورەترین پیانۆژەن.

سەرتان نەیەشێنم بوودمانی پیر ئەو منالەی لەوێدا دۆزییەوەو بەدوای شتێکدا دەگەڕا کە ناونیشانی منالەکەی لەسەر بێت, بەڵام تاقە شتێك کە بینی نووسینێك بوو لەسەر مقەبای کارتۆنەکە، بە مەرەکەبی شین نووسرابوو: تی. دی. لیمۆنی (T.D. LEMONI)، وێنەی لیمۆیەکی شینیش لەسەر مقەباکە بوو. دانی قولەڕەشێکی خەڵکی (فیلادلفیا)بوو، پیاوێکی کەتەو زەبەلاحی بێ وێنە بوو. منالەکەی گرتە باوەشی و وتی:

"ســلاو لیمــۆ" هەســتێکی ســەیریش دایگــرت، هەســتی باوکایـەتی. لـەو ڕۆژەش بـەدواوە بـەردەوام دەیـوت: تـی. دی (T.D) یـانی سـوپاس دانـی (THANKS DANNY) هەرچـەندە ئەمە بە شتێکی سەیر دەهاتە پێشچاو، بەڵام ئـەو خـۆی هـەر بەڕاستی باوەڕی وابوو کە ئەو منداڵەیان لەوێدا بۆ ئـەو دانـاوە. لـەو ڕووەوە هـیچ گومـانێکی نـەبوو. تـی. دی. واتـە سـوپاس دانی!

ڕۆژێکیـان ڕۆژنامەیـەکیان بـۆ هێنـابوو ڕیکلامێکـی تیـابوو، وێنەی کابرایەك بە سەروسیمایەکی گێلانەو سمێڵێکی قەیتانیی ڕەشەوە، ڕێك وەکو دڵدارە لاتینییەکان، لەلاشـیەوە نووسـرابوو (تانۆ داماتۆ شای لیمۆکان، تانۆ داماتۆ لیمۆی شـاکان.) ئـیتر نازانم چ خەلاتێکیشی بۆ دانرابوو.. تانۆ داماتۆ... بوودمانی پیر بێ ئەوەی هیچ خۆی سەغڵەت بکـات وتـی: "ئـەم لۆتییـە کێیـە؟"و ڕۆژنامەکـەی کـرِی، چـونکە لـە پـەنا ڕیکلامەکـەدا ئەنجامی پێشبڕکێی غارغارێنی ئەسپ ئاشکرا کرابوو. گـرەوی لەسـەر ئەسـپ نـەدەکرد، بـەڵام تـا ڕادەی شـەیدابوون کـەیفی بەناوی ئەسپەکان دەهات.

هەمیشە دەیـوت: "تـۆ سـەیری ئـەو دانەیـە بکـە، سـەیرکە.. دوێنـێ لـە کلێڤلانـد غـاری داوەو بردوویەتیـەوە. ئەسـپێکی

ئەوەندە چاکە ناویان ناوە (کاسب) بڕوا دەکەیت؟! شتی وات دیوە؟ ئەی ئەو دانەیەیان ناوی (بۆ پێشەوە)یە.. بنیادەم لە پێکەنیندا دەپچڕێت."

بەکورتی زۆر کەیفی بەناوی ئەسپەکان دەهات. عەودالّی ئەوەبوو، ئەگینا ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبوو کامیان پێشبڕکێکە دەباتەوە. ئەو بەتەنها حەزی لەناوی ئەسپەکان بوو.

منالّەکەی بەناوی خۆیەوە ناونا: دانی بوودمان. ئەمە یەکەمجاری بوو لە ژیانیدا خۆپەرستی بنوێنێت. دواتر تی. دی. لیمۆنیشی خستە سەر ناوەکە، ڕێك وەك ئەوەی لەسەر مقەبای کارتۆنەکە نووسرابوو, چونکە دەیوت شتێکی باشە بنیادەم لە ناوەڕاستی ناوەکەیدا چەند پیتێك هەبێت. (بێرتی بووم)یش جەختی لەسەر ئەو شتە کردەوەو وتی: "پارێزەرەکان هەموویان لە ناوەڕاستی ناوەکانیاندا پیت هەیە." ئەم (بێرتی بووم)ە کرێکاری ماتۆڕخانەی کەشتییەکە بوو و بەهۆی پارێزەرێکەوە کە ناوی (جۆن. پی. تی. کەی. واندەر)بوو زیندانی کرابوو.

دانیی پیر وتی: "ئەگەر ببێت بە پارێزەر، دەیکوژم!"

بەلاّم ویّڕای ئەوەش ئەو دوو پیتەی لە ناوەڕاستی ناوەکە لانەبردو لە ئەنجامدا ناوەکە بوو بە: دانی بوودمان تی. دی. لیمۆن. ناوێکی خۆش بوو. لە بەندەری بۆستن، هەموو

بەیەکـەوەو بەهێواشــی لـە ماتۆڕخانەکـەی کەشـتیەکەدا ئـەو ناوەیان دەوتەوە، بەڵام ماتۆڕەکان کوژابوونەوە.
ئاخریەکـەی بوودمـان وتـی: "نـاوێکی خۆشـە، بـەڵام شـتێکی نوقـسانە، کۆتـایی ناوەکـەی بـەهێز نییـە." ڕاسـتی دەکـرد، شتێکی نوقسان بـوو. (سـام سـتۆڵ) کـە خزمـەتگوزارێك بـوو وتـی: "باشـە نـاوی سێـشەممە دەخەینـە کۆتـایی ناوەکەیـەوە، چونکە تۆ لە ڕۆژی سێشەممەدا دۆزیوتەتەوەو دەتوانیت هەر بـە سێشەممەش بانگی بکەیت." دانی کەمێك بیری کردەوەو پاشان زەردەخەنەیەك هاتە سەر لێوی و وتی: "سام شتێکی خۆشم بە خەیاڵدا هات. من لە یەکەم ساڵی ئەم سەدە نەفرەتیـەدا ئـەوم دۆزیوەتەوە، وانییە؟ کەواتە ناوی دەنێین نۆڤێـچێنتۆ.. هـەزارو نۆسەد...

- نۆڤێچێنتۆ.. هەزارو نۆسەد؟
- بەڵێ نۆڤێچێنتۆ.
- بەڵام ئاخر ئەمە ژمارەیە.
- ژمارەبوو، بەڵام لەمەودوا دەبێـت بـە نـاو؟ دانـی بوودمـان. تی. دی. لیمۆن نۆڤێـچێنتۆ. عـەیبی نییـەو تابلێیـت نـاوێکی پڕشکۆیە. ئای خوایە! بەڕاستی ناوێکی پڕشکۆیە. بـەم نـاوەوە ئیشی باش دەڕوات.

بەسەر کارتۆنە مقەباکەدا نوشتابوونەوە. دانی بوودمـان تـی. دی. لیمۆن نۆڤێچێنتۆ سەیری دەکردن و بۆیان پێدەکەنی، بەڵام هەموویان دەمیان داچەقیبوو لەوەی چۆن منداڵێك بەو بچووکیە ئەو هەموو پیساییەی کردووە بەخۆیدا.

دانی بوودمان هەشت ساڵ و دوو مانگ و یـانزدە ڕۆژی تـر بـە دەریاوانی مایـەوە، تـا ئـەوەبوو ڕۆژێکیـان کـە لـە ناوەڕاسـتی ئۆقیانووسـدا بـوون دەمەسـلنگێك شـۆڕبۆوەو ڕێـك کـەوت بـە موورەگەی پشتیدا. سێ ڕۆژی پێچوو ئینجـا مـرد. شـوێنێکی ساخ لە لەشیدا نەمابوو، تازە کار لەکار ترازابـوو. نۆڤێـچێنتۆ ئەو دەمە منداڵێکی بچکۆلانە بوو. لای پێخەفەکـەی دانییـەوە دانیشت و جووڵەی نەکرد. باوەشـێ ڕۆژنامـەی کـۆنی پێبـوو و بەدرێــژایی ئــەو ســێ ڕۆژە بەهــەزارحاڵ هەرچــیی هــەواڵی پێـشبڕکێی ئەسـپ بـوو بـۆ دانیـی پـیری دەخوێنـدەوە کـە لـە سەرەمەرگدا بوو. لە کاتێکا پەنجـەی لەسـەر ڕۆژنامەکـە بـوو، چاویشی لەسەر هەڵنەدەگرت، هـەروەکو دانـی بوودمـان فێـری کردبوو، پیتەکانی حونجە دەکرد، لە خوێندنەوەدا خێـرا نـەبوو، بەڵام گرنگ ئەوەبوو دەیخوێنـدەوە. ئـیتر بـەجۆرە دانـی لەگـەڵ هەواڵی حەوتەمین خولی پێشبڕکێی غارغارێنی شیکاگۆدا، کە تیایـدا ئەسـپی (ئـاوی خواردنـەوە) کـە دوو هـەنگاو لـەپێش

ئەسپی (شۆربای سەوزە)و پێنج هەنگاویش لە پێش ئەسپی (پۆدرەی شین)ەوە بوو، دڵی لەلێدان کەوت. مەسەلەکەش ئەوەبوو کە بە بیستنی ئەو ناوانە نەیدەتوانی پێنەکەنێت و هەربەدەم پێکەنینیشەوە گیانی دا. ئیتر قوماشێکی گەورەیان تێوە ئالاندو بە ئاوی ئۆقیانووسەکەیان سپارد. کەشتیەوانەکە بە ڕەنگێکی سوور نووسی:

سوپاس دانی THANKS DANNY

بەمجۆرە نۆڤێچێنتۆ بۆ جاری دووەم بە هەتیوی مایەوە. تەمەنی بووبوو بە هەشت ساڵان‌و نزیکەی پەنجا گەشتی دەریایی نێوان ئەوروپاو ئەمەریکای بینیبوو. ئۆقیانووس ماڵی بوو، بەڵام هەرگیز پێی نەخستبووە سەر وشکایی. هەر لە بەندەرەکانەوە وشکایی دیبوو، بەڵام پێی نەخستبووە سەر زەوی. پێویستە ئەوە بڵێین کە دانی دەترسا ئەگەر ئەو لە کەشتییەکە بچێتە خوارەوە، بەبیانووی نەبوونی ناسنامەو ئەوراق و ئەمجۆرە شتانە نۆڤێچێنتۆی لێ بسەنن و بیبەن، ئیتر بۆیە هەموو جارێك نۆڤێچێنتۆ لەناو کەشتییەکەدا دەمایەوە تا سەرلەنوێ دەکەوتەوە ڕێ.

ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە نۆڤێچێنتۆ لەچاوی دونیاوە بوونی نەبوو. لەهیچ شارو کڵێساو نەخۆشخانەو زیندانێکدا ناوی

تۆمـــار نـــەکرابوو، تەنانـــەت لـــە تیپێکـــی بالەشـــدا نـــاوی نەنووسرابوو، ئەو نیشتمانی نەبوو، ڕۆژی لەدایکبوونی نـەبوو، خێزانـی نـەبوو. تەمـەنی هەشـت سـاڵان بـوو، بـەڵام لـە ڕووی ڕەسمیاتەوە ئەو لەدایك نەبووبوو.

ناوبەناو بە دانییان دەوت: "ئەم شتە تاسەر بـڕ ناکـات، ئەمـە قانوونی نییە"، بەڵام دانی وەڵامێکی دەدانەوە کـە قوڕوقـەپی بـە هـەموویان دەکـرد. دەیـوت: "قـانوون بـا وەل بێـت." لـە کۆتایی ئەو گەشتەدا کـە دانیـی تیـا مـرد، کاتێـك گەیـشتنە (سـاوث هـامپتۆن- SOUTH HAMPTON)، کەشـتیەوانەکە بڕیـاری دا کۆتـایی بـەو ماجەرایـە بێنێـت. بەرپرسـانی بەندەرەکـەی کـۆکردەوەو داوای لـە یاریدەدەرەکـە کـرد بـچێت نۆڤێچێنتۆ بدۆزێتەوەو بیهێنێـت، بـەڵام یاریدەدەرەکـەی چـەند کردی و کۆشا نۆڤێـچێنتۆی بـۆ پەیـدا نـەبوو. دوو ڕۆژی ڕێـك کـون و قـوژبنی کەشـتییەکە نـەما نەگـەڕێن، بـەڵام هـیچ شوێنەوارێکی نەبوو. دەتوت غـەیب بووە. کەسیان باوەڕیـشیان نەدەکرد، لەبەرئەوەی هەموو ئەوانەی لە کەشـتی ڤێرجینیەنـدا بوون هۆگری ئەو منداڵە بووبوون، کەس دڵی نـەدەهات بیڵێـت، بەڵام وەکو ئاو خواردنەوە وابوو کەسێك لە کەشتییەکەوە خۆی فڕێبداتـــە نـــاو ئاوەکـــەوەو... ئـــیتر دەریـــاش چـــیی زۆرە

دەردوبەلا... ئەوەبوو بیست و دوو ڕۆژ دوای ئەوە کە کەشتییەکە بەرەو (ڕیۆدی جانیرۆ) کەوتەڕێ گومانیان لەوە نەما کە دیارە منالەکە شتێکی بەسەرهاتووە. نۆڤێچێنتۆ سۆراخی نەبوو و کەسیش هەوالی نەدەزانی... کاتێک کەشتییەکە کەوتە جوولە، وەك هەموو جارێك شریتە ڕەنگاوڕەنگەکانی لە هەوادا یارییان دەکرد، شووتی کەشتییەکە لێدرا، تەرەقەو فیشەکەشێتە بە ئاسماندا هەلدران، بەلام ئەمجارەیان لە جارەکانی پێشوو نەدەچوو، لەبەرئەوەی نۆڤێچێنتۆیان بۆ هەمیشە لەدەست چووبوو، زەردەخەنەکانیان تال و دلیشیان جامێك بوو پڕ لە خوێن.

دووەم شەوی سەفەر، کە تەنانەت ڕووناکیەکانی کەناری ئێرلەندەش لەبەرچاو ون ببوون، (باری) کە سەرپەرشتیاری خزمەتکارەکان بوو، وەکو شێت بە هەلەداوان چوو بۆ ژووری کەشتییەوانەکەو لەخەو هەلیساندو پێی وت خێرا بکات، هەلسێت و لەگەلیدا بڕوات. کەشتییەوانەکە جنێوێکی دا، بەلام لەگەلیشیدا ڕۆیشت.

هۆلی سەماکردنەکەی بەشی نمرە یەك .

گلۆپەکان کوژاونەتەوە.

خەڵکەکە بەجلی خەوو بە بیجامەوە لەوێ کۆبوونەتەوەو ڕاوەستاون، موسافیرەکان لە ژوورەکانیان هاتوونەتە دەرێ.

تەنانەت دەریاوانەکانیش، کە سێ پیاو بوون و بە دووکەڵی ماتۆڕخانەکە سەروپۆتەڵاکیان ڕەش داگەڕابوو، هاتبوونە ئەوێ. هەروەها ترومانی سەر جیهازی بێسیمەکە. هەموو بە بێدەنگی سەیریان دەکرد.

نۆڤێچێنتۆ کە لەسەر کورسیی پیانۆکە دانیشتبوو و قاچەکانی نەدەگەیشتنەوە بە زەویەکە پیانۆی دەژەنی... بەڵام چ پیانۆیەك!!

(ئاوازێکی سادەو دڵڕفێنی پیانۆمان دێتەگوێ)

نازانم ئەو ئاوازە چی بوو دەیژەنی؟!... بەڵام ئاوازێکی جوان بوو... ساختە نەبوو، خۆی بوو پەنجەکانی لەسەر دوگمەکان یارییان دەکردو دەیژەنی، خوا دەزانێ چۆن! مەگەر یەکێك خۆی لەوێ بووایەو گوێی لێ بووایە چی دەژەنی! خانمێك کە ڕۆبێکی پەمەیی لەبەردابوو و چەند تەوقەیەك بە قژەیەوە بوو.. لە ژنە دەوڵەمەندەکان بوو.. ئەمەریکایی بوو و ژنی کابرایەکی خاوەن کۆمپانیابوو... هۆن هۆن فرمێسك بە دەموچاوە کرێماویەکەیدا دەهاتە خوارەوە. سەیری دەکردو دەگریا، نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت، کاتێك ئەم خانمە

کەشتیەوانەکەی بینی کە لە پەنایەوە وەستاوەو ئەبڵەق بووە، بەسەری ئاماژەیەکی بۆ لای پیانۆکە کردو پرسی..

- ناوی چییە؟

- نۆڤێچێنتۆ.

- ئاوازەکە نالێم، منالەکە دەلێم.

- نۆڤێچێنتۆ.

- وەکو ئاوازەکە؟

لەو جۆرە گفتوگۆیانە بوو کە کەشتییەوان تاقەتی لێیان نییەو لە چوار پێنج ڕستە تێناپەڕێت، بەتایبەتیش کە تازە بۆی دەرکەوتبێت ئەو منالەی وایدەزانی مردووە، نەك هەر ماوە، بەڵکو لەو هەراوهوریایەدا پیانۆژەنینیش فێربووە.

کەشتیەوانەکە خانمە قەڵەوە دەولەمەندەکەی جێهێشت و بە سەنگینییەوە بەناو هۆڵەکەدا هەنگاوی نا. پانتۆڵێکی لەپێدابوو, لەگەڵ چاکەتی جلە ڕەسمییەکانیدا کە قۆپچەکانی دانەخستبوو، گەیشتە لای پیانۆکە، وەستا، گەلێ شت هەبوون کە حەزی دەکرد لەو ساتەدا بیانلێت، وەکو ئەوەی: "لە کوێ ئەمە فێربوویت، کورە؟" یان: "لە چ وێرانەیەکدا خۆت شاردبۆوە؟"، بەلاّم وەکو زۆربەی ئەو پیاوانەی بە جلی ڕەسمییەوە ڕاهاتوون، مێشکیشی ڕەسمی بووبوو، هەربۆیە وتی:

- نۆڤێچێنتۆ، ئەم شتانە دژی ڕێنماییەکانن.

نۆڤێچێنتۆ دەستی لە ژەنین هەڵگرت. منالێك بوو کەمدوو بوو، بەڵام زوو فێردەبوو. بە میهرەبانییەوە سەیرێکی کەشتییەوانی کردو وتی:

- ڕێنماییەکان با وەل بن.

(دەنگی تۆفان دێتە گوێ)

ئۆقیانووس بەئاگا هاتۆتەوە/ ئۆقیانووس گومڕابووە/ ئاو تا ئاسمان هەڵدەچێت/ هەڵدەچێت و تافەتافێتی/ هەڵدەچێت و دادەچێت/ هەورەکان لە با و ئەستێرە جیادەکاتەوە/ ئۆقیانووس توورەیە/ شێت بووە/ بەڵام تاکەی/ کەس نازانێت/ لەوانەیە ڕۆژێکی تەواو وابێت/ پاشان هێور بێتەوە/ دایە تۆ ئەمەت پێ نەوتبووم، دایە/ ئەوە ئۆقیانووسە کە لایلایەت بۆ دەکات/ شەپۆلێکی شێت خەوت لێ دەخات/ بخەوە ڕۆڵە، بخەوە/ لایلایەی ئۆقیانووس و ئاوازی ئاو/ دەڵێیت چی/ کێ لایلایەم بۆ دەکات/ ئۆقیانووس توورەیە/ هەر چوار دەورمان کەف و کابووسە/ ئۆقیانووس دێوانە بووە/ تا چاو بڕکات/ هەموو شتێك ڕەش دەنوێنێت/ دیوارە بەرزە ڕەشەکان/ خەڵکەکەش هەموو دەمیان داچەقیوەو/ چاوەڕێن/ تا ئۆقیانووس هێوربێتەوەو نوقم نەبین/ دایە نامەوێ نوقم بم/

ئاوێکی ئارامم دەوێت/ ئاوێك کە سیمای تـۆی تیابێـت/ دایـە پێیـان بڵـێ بـا بوەسـتن/ ئـەم دیـوارە ترسـناکانە/ ئـەم دیـوارە ئاوییانە/ ئەم هاژوهووژە.. ئاوێکم دەوێ کە تۆ دەیناسیت.

دەریام دەوێ

بێدەنگی و

ڕۆشناییم دەوێ

ماسییە باڵدارەکان

کە بە سەریدا باز دەدەن.

یەکەمین گەشت، یەکەمین تۆفـان، نەگبـەتی. نەمـدەزانی چـی ڕوویـداوە. ئەوەنـدەم زانـی خـۆم لـەناو یـەکێك لـە خـراپترین تۆفانەکانی مێـژووی کەشـتیی ڤێرجینیەنـدا بینییـەوە. نیـوەی شەو بوو، ئۆقرەی لەبـەربڕاو هـەموو شـتێکی دا بەسـەریەکدا. مەبەسـتم ئۆقیانووسـەکەیە. دەتـوت کۆتـایی بـۆ نییـە. ئـەو کەسەی لەناو کەشتیدایەو ترومپێت دەژەنێت، لەکاتی تۆفانـدا شتێکی ئەوتۆی لێ ناوەشێتەوە، تاقە شتێك لـە دەسـتی بێـت ئەوەیە کە ترومپێت نەژەنێت تـا زیـاتر بارەکـە نەشـێوێنێت و بۆخۆی لە کابینەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، بـەڵام مـن وام نـەکرد. چەند بتەوێ بیر لە شتێکی تریش بکەیتەوە، بـەڵام درەنـگ یـا

زوو ئەوەت دێت بە خەیاڵدا کە: وەکو مشك کەوتوویتەتە تەڵەوە. منیش نەمدەویست بکەومە تەڵەوە، بۆیە لە ژوورەکەی خۆم چوومە دەرێ و بەو ناوەدا کەوتمە هاتوچۆ. نەشمدەزانی رووبکەمە کوێ، چونکە هەمووی چوار ڕۆژ دەبوو چووبوومە ئەو کەشتییەوەو شارەزای شوێنەکان نەبووم و ئەگەر ئاودەستەکانیشم بدۆزیایەتەوە، مانای وابوو هونەرێکی گەورەم کردبوو. ئەم کەشتییە دەتوت شارێکەو لەناو ئاودایە. بەڕاستمە، ئیتر ئەوەندە ئەملاولام کرد تا ڕێم لێ ونبوو، لەو کاتەدا بوو سەیرم کرد کابرایەك بەرەو ڕووم دێت، کابرایەکی شیك، قاتێکی ڕەشی لەبەردابوو، زۆر لەسەرخۆ هەنگاوی دەناو وەك من لە کەسێکی ونبوو نەدەچوو، تەنانەت دەتوت گوێی لە دەنگی شەپۆلەکانیش نییە. یان وەك ئەوەی لە کەناری (نیز)بێت و پیاسە بکات، ئەم کابرایە نۆڤێچێنتۆ بوو. ئەو کاتە تەمەنی بیست و حەوت ساڵ بوو، بەڵام گەورەتر دەهاتە پێشچاو. من هێشتا ئەوم باش نەدەناسی. لەو چوار ڕۆژەی پێشوودا لە ئۆرکێستراکە پێکەوە مۆسیقامان ژەنیبوو، بەڵام من تەنانەت نەمدەزانی ژوورەکەشی لە کوێدایە. ئەوانی تر، هەندێ شتیان لەبارەی ئەوەوە بە من وتبوو، شتی سەیروسەمەرە. دەیانوت ئەم نۆڤێچێنتۆیە لە هەموو ژیانیدا

پێـی نەخـستۆتە سـەر وشـکایی. لەسـەر کەشـتییەکە لـەدایك بووەو لەوساشـەوە هـەر لـەناو کەشـتییەکەدا ژیـانی بردۆتـەوە سەر، بیست و حەوت ساڵ بەبێ ئەوەی تەنانەت بـۆ جـارێکیش چییە پیێ بخاتە سەر زەوی. ئـەم شـتانە وادەهاتنـە بەرچـاو کـە زۆریان پێوە نرابێت، هەروەها دەیانوت ئەو مۆسیقایەی کە ئەو دەیـژەنێت نموونـەی نییـە، مـن ئەوەنـدەم دەزانـی کاتێـك ئـەو ئامادەی ژەنین دەبوو، (فریتز هێرمان)، ئەو سپیپێستەی سەری لـە مۆسـیقا دەرنەدەچـوو، بـەڵام سەروسـیمای بـۆ ڕابـەرێتیی ئۆرکێسترا فریودەر بوو، لە نۆڤێچێنتۆ نزیك دەبۆوەو بـە چـرپە پێـی دەوت: " نۆڤێـچێنتۆ تکـات لێ دەکـەم بـە تـەنها نـۆتی ئاسایی بژەنە." نۆڤێـچێنتۆش سـەری بـەڵێی بـۆ ڕادەوەشـاندو نۆتی ئاسایی دەژەنی، لەپێشەوەی خۆی دەڕوانی و هیچ سەیری دەستەکانی خۆی نەدەکرد، دەتوت لەم دونیایەدا نییـە. ئێـستا دەزانم کە هەر بەڕاستی ئەو دەکەوتە دونیایـەکی تـرەوە، بـەڵام ئەوسا ئەمەم نەدەزانی، تەنها کەمێك سەیر دەهاتە پێشچاوم، هەر ئەوەندەو بـەس. ئـەو شـەوە لـەو تۆفـان و باوبۆرانـەدا بـە سەروسیمای کەسێکەوە کە ڕۆژانی پشووی بەسەر بەرێت منـی بینی چۆن لە یەکێك لە ڕاڕەوەکانـدا ون بـووم و ڕەنـگ و ڕووی

مردووم لێ نیشتووە، سەیرێکی کردم، زەردەخەنەیەکی هاتێ و وتی:

- وەرە.

دیارە گەربێتو ترومپێتژەنێك لە تۆفانێکدا ونبووبێت و ڕێکەوتی کەسێك بکات کە پێی بڵێت وەرە، تاقە شتێك لێی بوەشێتەوە ئەوەیە کە دوای ئەو کەسە بکەوێت، بۆیە منیش دوای کەوتم، ئەو ئاسایی هەنگاوی دەنا... بەڵام من نەمدەتوانی وەکو ئەو جوان بڕۆم... هەرچۆنێك بوو ئاخریەکەی گەیشتینە هۆڵی سەماکە، تا گەیشتینە ئەوێ من هەر تەپاوتلم دا، بەڵام ئەو دەتوت بەسەر سکدا دەڕوات، گەیشتینە لای پیانۆکە. کەس لەوێ نەبوو. دونیا تاریك بوو و بەحاڵ هەندێ تروسکایی لێرەولەوێ دەبینرا، نۆڤێچێنتۆ پایەکانی پیانۆکەی پیشاندام و وتی:

- گیرەکانی بکەرەوە.

کەشتییەکە لارولەنجەی دەکردو بنیادەم نەیدەتوانی خۆی ڕابگرێت و لەسەرپێ بوەستێت. کردنەوەی گیرەکانی پیانۆکە لە کاتێکی وادا شتێکی زۆر بێ مانا بوو.

- ئەگەر متمانەت بە من هەیە گیرەکان بکەرەوە.

لە دڵی خۆمدا وتم ئەم کابرایە شێتەو گیرەکانم کردەوە.

ئینجا نۆڤێچێنتۆ پێی وتم:

- ئێستاش وەرە لێرەدا دانیشە.

نەمــدەزانی دەیــەوێ چــی بکــات. هــەر بەڕاســتی ســەرم لێ دەرنـــەدەکرد، وەســـتابووم و پیانۆکـــەم گرتبـــوو کـــە وەکـــو ســـابوونێکی گـــەورەی ڕەش دەخلیـــسکا... هەســـتم دەکـــرد تێکەوتووم، ئەو شێتەش کە خۆیشی هەر لە سابوونێکی ڕەش دەچوو، لەسەر کورسی بـەردەم پیانۆکـە دانیـشتبوو و هـەردوو دەستی بێ جوولە لەسەر دوگمـەکانی پیانۆکـە ڕاگرتبـوو. ئـەو شێتە بەدەم پێکەنینەوە وتی:

- ئەگەر ئێستا دانەنیشیت، قەت دانانیشیت.

(ترومپێتژەنەکە دەچێتە سەر شتێکی سەیر)

- زۆر باشە، ئێستاش چی دەبێت با ببێت، ئینجا چی بکـەم؟ ئـــەوەتانێ وا لەســـەر کورســـییە گێلانەکـــەی تـــۆ دانیـــشتووم، فەرموو، لە خزمەتتدام، ئەی ئێستا؟

- ئێستاش مەترسە.

و دەستی کرد بە پیانۆژەنین.

(ئاوازێکی تـەنیای پیانۆمـان دێتـەگوێ. جۆرێکـە لـە سـەما، دەشــێ ڤالْــسێکی هــێمن و ســووك بێــت تەختەکــەی ژێریــان دەبزوێــت و ئەکتەرەکــە لەســـەر شـــانۆ بـــەملاولادا دەبـــات.

وردەوردە کـە ئەکتەرەکـە چـیرۆکەکە دەگێڕێتـەوە، جوولـەکان زیاتر دەبن..)

ئێستا کەس ناچار نییە باوەڕ بکات و تەنانەت ئەگـەر منـیش ئـەم چـیرۆکەیان بـۆ بگێڕامایەتـەوە بـاوەڕم نـەدەکرد، بـەڵام ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە پیانۆکە بەسەر ئەرزی هۆڵی سەماکەدا دەخلیسکاو ئێمەش بەدوایدا. نۆڤێـچێنتۆ بـەبێ ئـەوەی چـاوی لەسـەر دوگمـەکان هـەڵبڕێت پیـانۆی دەژەنـی و دەتـوت لـە دونیایـەکی تردایـە. پیانۆکـە لەگـەڵ شـەپۆلی دەریاکانـدا دەجووڵایەوە. بۆ ئـەولا دەچـوو، پاشـان دەگەڕایـەوە، بـەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە. ڕێـك بـەرەو دەرگـا شووشـەکان دەچـوو و لەبەردەمیـدا دەوەسـتاو ئینجـا بەسـووکی بـەرەو دواوە دەخلیسکایەوە، بڕوا بکەن دەتوت دەریاکە بووە بـە بێشکەی، هەروەها بێشکەی ئێمەش.

مـن مێـشکم وەسـتابوو، کەچـی نۆڤێـچێنتۆ هـەر خـەریکی پیـانۆژەنینی خـۆی بـوو، یـەك چـرکە چـیە دەسـتی لێ هەڵنەدەگرت. نەك هەر پیانۆکەی دەژەنی، بـەڵکو بـۆ کوێـشی بویـستبایە بـەرەو ئـەوێی دەبـرد. تێدەگـەن؟ ئیـدی نـازانم بـە پەنجەکانی ئەو کارەی دەکرد یان بە نۆتـەکان، بـەڵام بـۆ کـوێی بویستایە پیانۆکەی بەرەو ئەوێ دەبرد. ئەمە شتێك بـوو ئـەقڵ

نەیدەبڕی! بەڵام چۆنتان بۆ دەگێڕمەوە ئاوابوو. لـە کاتێکیـشدا بـــەناو مێزەکانـــدا دەســـووڕاینەوەو بـــەر چـــراو کورســـییەکان دەکەوتین، ئینجا تێگەیشتم ئەوەی ئێمە دەیکەین سـەماکردنە لەگەڵ ئۆقیانووسدا، ئێمـەو ئـەو، کۆمـەڵێك سـەمازانی شـێت بووین، کە بەسەر ڕووە زێڕینەکەی شەوەوە سـەمایەکی ڤاڵـسی هێمنمان دەکرد.

(ئەکتەرەکە، بە شـادمانییەوە بـەملاولای تەختـەی شـانۆکەدا دەچێت و لەم کاتەدا ئۆقیـانووس شـێت دەبێـت و کەشـتییەکە سەما دەکات و ئاوازی پیانۆکەش دەبێت بـە ڤاڵـسێك کـە لـە ڕێی نەغمە هەمەڕەنگەکانیەوە تاوێك سەماکە خێرا دەکـات و تاوێکی دی هێمنی دەکاتەوەو جووڵەکەی پێچەوانە دەکاتـەوەو بـــەکورتی ڕێنمـــایی دەکـــات، پـــاش چـــەندین جـــارو دوای جووڵەیـەکی هەڵـە، ئەکتەرەکـە دەکەوێتـە ئـەودیوی شـانۆوە، ئاوازەکـە هەوڵـدەدات کـۆنترۆڵی بارەکـە بکـات، بـەڵام تـازە کارلـەکارترازاوەو ئەکتەرەکـە ئەوەنـدەی لەدەسـت دێـت هـاوار بکات: "ئای خوایە..."

لەودیوی شانۆوە دیارنامێنێت، بەر شتێك دەکەوێت، دەنگێکی زۆرمـان دێتەگوێ، وەك ئەوەی بـەر پەنجەرەیـەکی شووشـە یـان مێزی باڕەکە یـان سـالۆنەکە کـەوتبێت. دەنگـەدەنگێکی زۆر.

پاشان تاوێك بێدەنگی ئینجا لەهەمان شوێنەوە کە ئاودیوی شانۆکە بوو ئەکتەرەکە پەیدا دەبێتەوەو دێتەوە سەر شانۆ.)

دواتر نۆڤێچێنتۆ پێی وتم ئەو نمایشەی هێشتا ماویەتی کامڵ بێت. منیش پێم وت پێویستە گیرەکانی پیانۆکەی مەحکەم بکات.

کە تۆفانەکە تەواوبوو، کەشتیەوانەکە بەهات و هاوارو هەڵچوونەوە پێی وتین: "هەی بەنەفرەت بن. ئێوە هەردووکتان هەر لە ئێستاوە دەچنە ماتۆڕخانەکەو لەوێ دەبن، ئەگینا دەمارتان دەردێنم. دەبێ دوا پوولی ئەو خەسارەتانەش دەربهێننەوە کە داوتانە. ئیتر خوای دەکرد هەموو ژیانتان لەوێدا کارتان دەکرد. ئەوەی دەیشیلێم هەر ئەوەیەو ناگۆڕێت، وەك چۆن ناوی ئەم کەشتییە ڤێرجینیەنەو ناگۆڕێت، ئێوە هەردووکتان دەبەنگترین کەسن تا ئێستا من بەسەر ڕووی ئۆقیانووسەوە بینیبێتمن."

ئەو شەوە لە ماتۆڕخانەکە بوو کە ئیدی من و نۆڤێچێنتۆ بۆ هەمیشە بووین بە هاوڕێی گیانی بەگیانیی یەکتر.

کاتی خۆمان بە ژماردنی ئەو شتانەوە بەسەردەبرد کە شکاندبوومانن، تا بزانین بایی چەند دۆلار بوون. کاتێ نرخی شتەکانیش ڕوو لە زیادبوون دەبوو ئێمەش زیاتر پێدەکەنین. کە

ئێستا بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، هەست دەکەم ئەو ساتانەمان بەختەوەریی ڕاستەقینە بوون، یان بەختەوەری شتێکە لەوە دەچێت.

هەر ئەو شەوە بوو من لێم پرسی ئاخۆ ئەو حیکایەتەی دەربارەی ئەو و کەشتییەکە دەیگێڕنەوە، ڕاستە یان نا؟ ئاخۆ ڕاستە کە ئەو لەسەر کەشتییەکە لەدایك بووەو هەتا دوایی...و هەرگیز لەو کەشتییەش نەچۆتە خوارەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی:

- بەڵێ, بەڕاستە.

- هەر بەڕاست وایە؟

- بەڵێ، بەڕاست وایە.

نازانم، بەڵام لەو ساتەدا سەرتاپای لەشم کەوتە لەرزین. لەوە دەچوو لە ترسانا بلەرزم.

ڕۆژێکیان لە نۆڤێچێنتۆم پرسی کاتێك پیانۆ دەژەنێت بیر لەچی دەکاتەوەو کە بەو جۆرەش لە بەرامبەری خۆی ڕادەمێنێت سەیری چی دەکات؟ یان کاتێك دەستەکانی لەسەر کلیلەکانی پیانۆکە دێن و دەچن، خەیاڵی بەرەو کوێ دەڕوات؟ وەڵامی دامەوەو وتی: "ئەمڕۆ چووم بۆ وڵاتێکی گەلێ جوان،

بۆنی عەتر لە پرچی ئافرەتەکان دەهات، ولاتێك بوو پڕبوو لە ڕۆشنایی، هەروەها لە بەور."

ئەو بەردەوام لە سەفەردا بوو. هەرجارەو بۆ شوێنێك: دەچوو بۆ ناوجەرگەی لەندەن، یا بەشەمەندەفەر بەناو دەشت و دەردا دەڕۆیی، یان بەرەو دوندی شاخێك کە تا ناوقەدی دەچووە بەفرەوە. بۆ کلێسا گەورەکانی دونیا دەڕۆی، پایەکانیانی دەژماردو لە سیمای مەسیحە لە خاچدراوەکان ورد دەبۆوە، سەفەری دەکردو ئەوەی ئەقڵیش نەیدەبڕی ئەوەبوو کە چۆن دەیزانی کلێساو بەفرو بەور چییەو شێوەیان چۆنە! ئەوێك کە هەرگیز لەو کەشتییە دانەبەزیبوو و پێی نەکەوتبووە سەر ئەرز. تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش. ئەمەش شتێك نەبوو فڕوفیشاڵ بێت، بەڵکو تەواو ڕاست بوو، کەچی دەتوت هەموو ئەو شتانەی بەچاوی خۆی بینیوە، بۆ نموونە تۆ گەر بە نۆڤێچێنتۆت بوتایە (سەفەرێکیان چووم بۆ پاریس) ئەو لێی دەپرسیت ئاخۆ چوویت بۆ فلانە باخ، یان لە فلان شوێن نانت خوارد. هەموو شتێکی دەزانی، پێی دەوتیت: "من لە پاریسدا حەزم لەوەیە بچمە سەر پردی (نۆف) پیاسە بکەم و چاوەڕێی ئاوابوونی خۆر بکەم و کاتێکیش کەشتییە

گەڕۆکـەکان تێدەپـەڕن بوەسـتم و لـەوێوە تەماشـایان بکـەم و دەستیان بۆ ڕابوەشێنم."

- نۆڤێچێنتۆ، تۆ قەت لە پاریس بوویت؟
- نەخێر.
- ئەی کەواتە...
- باشە، بەڵێ..
- یانی چی بەڵێ...؟
- پاریس...

لەوانەبوو لە دڵی خۆتدا بتوتایە شـێتە، بـەڵام مەسـەلەکە بـەو سادەییە نەبوو. کاتێك کەسێك زۆر بـەوردی باسـی ئـەوەت بـۆ دەکات پاش بارانی هاوین، شـەقامی (بیرتـام) بـۆنی چـیی لێ دێ، ناتوانیت بڵێیت ئەو کەسە شێتە هەر لەبەرئەوەی هـەرگیز ڕێی نەکەوتۆتە ئەو شەقامە. نۆڤێچێنتۆ لە چـاوانی کەسـێکدا یـان لـە قـسەکانیدا، هـەر بەڕاسـتی بـۆنی شـەقامی بیرتـامی کردبوو، بەڵام بە شێوازی خۆی.
ڕەنگە ئەو هەرگیز چاوی بە وشکانی نەکەوتبێت، بەڵام بیـست و حەوت سـاڵ بـوو دونیـا لـەو کەشـتییەدا دەهـات و دەچـوو، بیست و حەوت سـاڵ بـوو لـەو کەشـتییەدا چـاودێریی دونیـای

دەکردو ڕۆحی دەخستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەو لەم ڕووەوە زۆر لێهاتوو بوو. گوێگرێکی باش بوو و شتەکانیشی زۆر بەباشی دەخوێندەوە. مەبەستم کتێب نییە، هەموو کەسێك دەتوانێ کتێب بخوێنێتەوە, بەڵکو ئەو توانای خوێندنەوەی مرۆڤەکانی هەبوو. خوێندنەوەی ئەو نیشانانەی مرۆڤەکان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەملاولای دەبەن: شوێنەکان، دەنگەکان، بۆنەکان، ولاتەکانیان، مێژوویان... هەموو ئەم شتانە لە ڕۆحیاندا نەخشێنرابوون و نۆڤێچێنتۆش زۆر زیرەکانە دەیخوێندنەوەو پۆلێنی دەکردن و ڕێکی دەخستن، هەر ڕۆژەو شتێکی دەخستەسەر ئەو نەخشە گەورەیەی لە مێشکیدا وێنەی کێشابوو، نەخشەیەکی گەورە، نەخشەی جیهان، هەموو جیهان، لەمسەرەوە تا ئەوسەری. نەخشەی شارە زەبەلاحەکان و کافێکان. نەخشەی ڕووبارە درێژەکان و گۆلاوەکان، نەخشەی فڕۆکەکان و شێرەکان و... نەخشەیەکی سەرسوڕهێن بوو. ئینجا کاتێك پەنجەکانی یارییان بە کلیلەکانی پیانۆکە دەکردو سوجدەی ئاوازێکی نەوازش دەکرد, وەکو خودایەك بەسەر ئەو نەخشەیەوە دەکەوتە باڵەفڕێ و سەفەر.

(ئاوازێکی ڕەگتایمی غەمگین دەست پێدەکات)

سالانێکی زۆری خایاند تا دواجار پڕکێشیم کردو لێم پرسی..

- نۆڤێچێنتۆ، بۆ خاتری خوا بۆچی ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووە لەم کەشتییە دانابەزیت تا سەر زەوی ببینیت؟ تەنها جارێك بڕۆ بەو دوو چاوەی خۆت دونیا ببینە، تۆ بۆ لەم زیندانە سەرئاوکەوتووەدا خۆت حەپس کردووە؟ لە کاتێکا دەتوانیت بچیت بۆ سەر پردی نۆف و لەوێوە تەماشای کەشتییە گەڕۆکەکان و گەلێ شتی تر بکەیت. تۆ حەزت لەچی بێت دەتوانیت بیکەیت. تۆ خوای پیانۆ ژەنینیت. هەموو شێت و شەیدای هونەرەکەت دەبن. دەتوانیت پارەیەکی باش کۆبکەیتەوەو جوانترین خانووی دونیا بکڕیت. تەنانەت دەتوانیت ڕابسپێریت خانوویەکت لە شێوەی کەشتیدا بۆ دروست بکەن و بۆ کوێت بوێت بیبەیت، بۆ نموونە بۆ لای شەقامی بیرتامەوە، یان بۆ ناو بەورەکان... ئاخر تۆ ناتوانیت وەکو دەەنگەکان هەموو تەمەنی خۆت بە هاتوچۆ بەناو ئۆقیانووسدا بەسەربەریت... تۆ کابرایەکی دەبەنگ نیت، تۆ ئینسانێکی گەورەیت، دونیاش ئەوەتا لەوێ، تەنها لەو پێپلیکانە نەفرەتیانە بچۆرە خوارەوە، قابیلە چی ڕووئەدات؟! چەند پێپلیکانەیەکەو هیچی تر، بەلام کە چوویتە خوارەوە دەبینیت دونیا وا لەوێ، هەموو شتێکی لێیە، هەموو شتێك،

بۆ کۆتایی بەم ماجەرایە ناهێنیت و گەر بۆ تاقە جارێکیش بووە ناچیتە خوارەوە.

- نۆڤێچێنتۆ، بۆچی ناچیتە خوارەوە؟
- بۆچی؟
- بۆچی؟

هاوین بوو، هاوینی ساڵی (1931) کاتێك جێلی ڕۆڵ مۆرتون سواری کەشتیی ڤێرجینیەن بوو. جلێکی سەرتاپا سپی پۆشیبوو، تەنانەت شەپقەکەشی. مستیلەیەکی ئەڵماسی گەورەش لە پەنجەیدا دەدرەوشایەوە.

ئەو کابرایەك بوو کاتێك کۆنسێرتێکی پێشکەش دەکرد، لەسەر پۆستەرەکان دەینووسی: ئەمشەو جێلی ڕۆڵ مۆرتون. داهێنەری جاز. ئەم وەسفەش هەروا قسەیەکی ڕووت نەبوو، بەڵکو ئەو بەتەواوەتی باوەڕی بەوەبوو کە خۆی داهێنەری جازە. پیانۆی دەژەنی. هەمیشەش بەجۆرێك لەسەر کورسییەکە دادەنیشت کە سێ بەشی دەموچاوی لە بینەران بوو و دەستەکانیشی دەتوت دوو پەپوولەن و بەسەر کلیلەکاندا باڵەفڕێ دەکەن. لە خانووە بەدناوەکانی (نیوئۆرلیان)ەوە دەستی بە پیانۆژەنین کردبوو و هەر لەوێش فێری ئەوە بووبوو

چۆن پەنجە بە کلیلەکاندا بنێ و نۆتەکان نەوازش بکات. ئەو خەڵکانەی لە نهۆمی سەرەوە بوون خەریکی دڵداری بوون و حەزیان لە هەراو زەناو دەنگی بەرز نەبوو. مۆسیقایەکیان دەویست بەژێر تەختی نووستنەکانیاندا بخزێت و هەراسانیان نەکات. ئەویش رێك ئەو مۆسیقایەی بۆ دەژەنین و بەڕاستی لەم ڕووەشەوە هەڵکەوتوو بوو.

ڕۆژێکیان لەبارەی نۆڤێچێنتۆوە شتێکیان دابوو بە باگوێیدا. یەکێك پێی وتبوو: "ئەو لە هەموو کەسێك گەورەترە. گەورەترین پیانۆژەنی جیهانە." لەوانەشە ئەمە جێی سەرسوڕمان بووبێت، هەرواش بوو، لەبەرئەوەی نۆڤێچێنتۆ تەنانەت یەك نۆتیشی لە دەرەوەی کەشتیی ڤێرجینیەن نەژەنیبوو، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا بووبووە ناوێك و نیمچە ئەفسانەیەك، ئەوانەی لە کەشتییەکە دادەبەزین باسیان لە مۆسیقایەکی سەرسوڕهێن و پیانۆژەنێك دەکرد کە دەتوت لەبری دوو دەست چوار دەستی هەیە. ئاوازی جۆراوجۆری دەژەنی. شتی سەیریشیان لێ دەگێڕایەوە، کە هەندێکیان ڕاست بوون، بۆ نموونە بەسەرهاتی ئەو سیناتۆرە ئەمەریکاییەی ناوی (ویڵسۆن) بوو و تەواوی سەفەرەکەی خۆی لە ژمرەی سێدا گوزەراندبوو، لەبەرئەوەی نۆڤێچێنتۆ بەتەنها

لەوێ ئـاوازە تایبەتـەکانی خـۆی دەژەنـی، ئـەو ئاوازانـەی کـە ئاســـایی نـــەبوون. پیانۆیـــەك لـــەوێ هـــەبوو و نۆڤێـــچێنتۆ پاشنیوەڕوان یان شەوان درەنگ دەچووە سەری لەپێـشدا گـوێی لە خەڵك دەگرت: داوای لێ دەکردن ئەو ئاوازانەی پێ بڵێن کـە دەیزانن، هەندێ جاریش یـەکێك دەسـتی دەدایـە گیتارێـك یـا سـازێك یـان هـەر ئـامێرێکی تـری مۆسـیقاو ئـاوازی وەهـای دەژەنی کە کەس نەیدەزانی لە کوێـوە سەرچـاوەیان گرتـووە... نۆڤێچێنتۆ گوێی بۆ شل دەکردن، ئینجا سووك سـووك دەسـتی بە کلیلەکانی پیانۆکەدا دەناو یاریی پێیـان دەکـرد، ئیـدی لـە کاتێکا ئەوانی تر بە گۆرانی وتن یان ژەنینەوە خەریك دەبوون، یارییەکانی ئەم وردەوردە دەگـۆڕان بـۆ ئـاوازێکی ڕاسـتەقینەو نەغمە لە پیانۆکە بەرزدەبۆوە- پیانۆ ڕەشـە ئاسـاییەکە، بـەڵام نەغمەکان لە دونیایەکی ترەوە دەهاتن.

هەموو شتێکی تیابوو: هەموو مۆسیقاکانی ئەم دونیایەی تیـا کۆدەبوونەوە. بـەجۆرێك بنیـادەمی ئەبڵـەق دەکـرد، وەك چـۆن سیناتۆر ویڵسۆنیش بەدیاریەوە ئەبڵەق دەبـوو. ئـەو سـیناتۆرە شـیکەی وێـڕای ئـەوەی بەدرێـژایی سـەفەرەکەی لـەناو ئـەو بۆگەنییەدا نیشتەجێ دەبوو، کاتێکیش دەگەیـشتنەجێ بـەزۆر لەسەر کەشتییەکە دایان دەگرت، چونکە ئەگەر بە حەزی خۆی

بووایــە ڕەنگبــوو بــاقیی تەمەنــە بەهەدەرچــووەکەی لــەوێ بمابایەتەوەو هیچی نەکردبایە جگە لەوەی گوێ بۆ مۆسیقاکەی نۆڤیێـچێنتۆ ڕادێرێـت. ئەمـە گاڵتەیـەك نییـەو بەسـەرهاتێکی ڕاستەقینەیە. تەنانـەت لـە ڕۆژنامەکانیـشدا لەسـەر ئەمـەیان نووسی. هەر بەڕاستی وابوو.

بــەکورتی یــەکێك چــووبوو بــە جێڵــی ڕۆڵ مۆرتــونی وتبــوو کابرایەك لـەو کەشـتییەدا پەیـدابووە لـە پیانۆژەنینـدا بەڵایـەو هەرچییەکی بوێت دەیـژەنێت. مـەیلی هـەبێت جـاز دەژەنێـت، مەیلیشی نـەبێت شـتێکت بـۆ دەژەنێـت دەڵێـی دەیـان جـازەو ئاوێتەی یەك بوون، ڕۆڵی مۆرتون ئەتوارێکی ناشرینی هـەبوو، هەموو ئەمەیان دەزانی. وتی:

- باشـە کەسـێك نـەوێرێت پـێ بخاتـە سـەر ئـەرز، لـە کوێـوە فێربووە جاز بژەنێت؟

داهێنەری جاز ئەمەی وت و وەکو شێت دایە قاقای پێکەنین. بەڵام یەکێك هەڵێدایەو وتی:

- هەقی خۆتە پێبکەنیت، چونکە ئەگەر ئەو کابرایە ڕۆژێك لە ڕۆژان لــەو کەشــتییە بێتــە خــوارێ، تــۆ دەبــێ بــچیتەوە لــە سۆزانیخانەکاندا پیانۆ بـژەنیت، بـەو خوایـە چـۆنت پـێ دەڵـێم وایە.

جێلّی ڕۆلّ دەمانـچەیەکی بـچووکی لـە گیرفـانی دەرهێنـا کـە دەسکەکەی لە سەدەف دروست کرابوو و خستییە سـەر سـەری ئەو کابرایەو وتی:

- ئەو کەشتییە نەفرەتییە لە کوێیە؟

لە خەیالّی خۆیدا بیری لەوە کردەوە کێبڕکێـی لەگەلّـدا بکـات. لەو ڕۆژگـارەدا ئـەم نەریتـە بـاوبوو، هـەر ژەنیـارەو پارچـەیەك مۆسیقای دەژەنی و هونەرو لێهاتوویی خۆی تیـا پیـشان دەداو دواجـار یـەکێکیان دەیـبردەوە. ئـەجۆرە کێبڕکێیـە لـەنێو ژەنیارەکاندا هەبوو. خوێن و خوێنڕشـتنی تیانـەبوو، بـەلاّم ڕق وکینەیەکی ڕاستەقینەیان لا هەبوو. ژەنـین و مەیخواردنـەوە تـا شەو درەنگانێ بـەردەوام دەبـوو و جێلّـی ڕۆلّـیش نەخـشەیەکی وای لە خەیالّدا بوو تا بەیەکجاری کۆتایی بـە حیکایـەتی ئـەو پیانۆژەنەی سەر ڕووی ئۆقیانووس و ئەو قسە بێسەروبەرانەش بێنێت.

بــەلاّم کێـشەکە لــەوەدابوو کــە نۆڤێــچێنتۆ هــەرگیز لــە بەندەرەکاندا پیانۆی نەدەژەنی و حەزی پـێ نـەبوو. بەنـدەریش لەسـەر زەوی دەچـێت و ئـەویش کـەیفی بـەوە نـەدەهات، ئـەو حەزی لە ناوجەرگەی دەریا بوو، لەوێوە زەوی شتێکی ئـەوتۆی

نەدەمایەوە جگە لە ڕووناکییەکی دوورەدەست، یـا یادگارێـك، یان هیوایەك... ئیدی نۆڤێچێنتۆ ئاوەها بوو.
جێڵی ڕۆڵ مۆرتون هەزاران جنێوی دا، بەڵام دواجـار بلیتێکـی ئەمـــسەروئەوسەری ئـــەوروپای کـــڕی و ســـواری کەشـــتیی ڤێرجینیەن بوو. ئەو پێشتر سواری کەشتی نەبووبوو، جگە لـەو کەشتیانەی بەناو میسی سپیدا دەهاتن و دەچوون.
جێڵی ڕۆڵ مۆرتون بەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕاگەیاند کە لەگەڵیدا بۆ لەنگەرگای ژمارە چـواردەی بەنـدەری بۆسـتون هـاتبوون تـا بەڕێی بکەن: "ئەمـە گاڵتـەجاڕترین کارێکـە مـن لـە هـەموو ژیانمدا کردبێتم". پاشان چووە ژوورەکەی خۆی و لەوێ مایـەوە تا زەوی گۆڕا بۆ ڕووناکییەکی دوورەدەست و یادگارو هیوا.
نۆڤێچێنتۆ بایەخێکی ئەوتۆی بەم مەسەلەیە نـەدا. ئـەو لـەوە تێنەدەگەیشت. کێبڕکـێ؟ لـەپێناوی چیدا؟ لەسـەرێکی تـرەوە نیگەران بـوو. تامـەزرۆی ئـەوەبوو بـەگوێی خـۆی ببیـستێت و بزانێـت داهێنـەری جـاز چـۆن مۆسـیقا دەژەنێـت، ئەمەشـی بەگاڵتە نـەبوو، ئـەو هـەر بەڕاسـتی بـاوەڕی وابـوو جێڵـی ڕۆڵ مۆرتون داهێنەری جازە. بیری لەوە دەکـردەوە شـتێکی تـازەی لێوە فێربێت. ئەو بنیادەمێکی وابوو. ئەو لەم ڕووەوە کـەمێك لە دانیی بەسزمان دەچوو: ئەسڵەن هەستی ڕکابەریی لانەبوو و

ئەوەشی بەلاوە گرنگ نەبوو کێ دەیبیاتەوە. ئەو شتەکانی تری بەلاوە گرنگ بوون.

سەعات نۆو سی و حەوت دەقیقەی شەو بوو، دووەم ڕۆژی سەفەربوو. لەکاتێکا ڤێرجینیەن بەخێرایی بیست گرێی دەریایی بەرەو ئەوروپا دەڕۆیشت، جێلّی ڕۆڵ مۆرتون پێی خستە ناو هۆڵی سەمای نمرە یەکەوە، گەلێ شیك بوو و سەرتاپا ڕەشی پۆشیبوو، هەموو دەیانزانی دەبێ چی بکەن. سەماکارەکان وازیان لە سەما هێنا، ئێمەی ژەنیارانی ئۆرکێستراش دەستمان لە ژەنینی ئامێرەکانمان هەڵگرت. بارمانەکە پێکێك ویسکی بۆ تێکردو ئامادەبووان هەموو بێدەنگ بوون. جێلّی ڕۆڵ دەستیدایە پێکەکەی و بەرەو لای پیانۆکە چوو. چاوی بڕییە چاوی نۆڤێچێنتۆو هیچی نەوت, بەڵام مانای ئەو چاوتێبڕینەی ئەوەبوو (لەسەر ئەو پیانۆیە هەڵسە) نۆڤێچێنتۆ لەسەر پیانۆکە هەڵسا.

- جەنابت داهێنەری جازیت، وانییە؟

- بەڵێ، تۆش ئەو کەسەی تا ئۆقیانووس لەژێرتدا نەبێت ناتوانیت مۆسیقا بژەنیت، وانییە؟

- بەڵێ وایە.

ڕێـوڕەسمی یـەکتر ناسـین ئـەنجام درا، جێلّـی ڕۆڵ جگەرەیـەکی داگیرساند، بەرێکی لەسەر قەراغی پیانۆکە داینا و دەسـتی بـە ژەنینی ڕەگتایمێك کرد، بەڵام بەجۆرێك ژەنی وەك ئەوەی کـەس پێشتر ئەو ئاوازەی نەبیستبێت. دەسـتەکانی لەسـەر کلیلـەکان دەخزان، وەك خزانی پارچە ئاوریشمێك لەسەر جەسـتەی ژنێـك کە سەرگەرمی سەمایە. لـە مۆسـیقاکەیدا تـەواوی کافێکـانی ئەمـەریکا ئامـادەبوون، بـەڵام کـافێ ڕازاوەکـان کـە کـچە خزمەتکارەکان تیایانـدا تەنانـەت بـە جلیـشەوە هـەر جـوانن. جێلّـی ڕۆڵ کۆتـایی مۆسـیقاکەی بـە هەنـدێ نـۆتی بـچووکی نەبینراو ڕازاندەوە. نۆتەکان لە سەری سەرەوەی کلیلەکانەوە لە تاڤگەیەکی بچکۆلەی مرواری دەچوون، بڕژێنە سـەر خـاکێکی مەڕمەڕ. جگەرەکە لە شوێنەکەی خۆیدا مابوو، نیوە بووبـوو، بـەڵام سـووتووەکەی نەکـەوتبوو. لـەوە دەچـوو نەیویـستبێت بکەوێت تا هیچ دەنگێك دروست نەکات. جێلّـی ڕۆڵ بەسـەری پەنجـەکانی جگەرەکـەی گـرت، بـە دەسـتە پەپوولـە ئاسـاکەی جگەرەکـەی هـەڵگرت، بـەڵام سـووتووەکە هـەر نەکـەوت، دیـسانەوە نەیدەویـست بکـەوێت، دەتـوت نهێنییـەك لـەوەدا هەیە، نـازانم، بـەڵام سـووتووەکە نەدەکـەوت. داهێنـەری جـاز لەسـەر کورسـییەکە هەڵـسا، بـەرەو لای نۆڤێـچێنتۆ چـوو،

جگەرەکە کە سووتووە جوانەکەی ڕێك وەستابوو، لەژێر لـووتی ئەودا ڕایگرت و وتی:

- دەریاوان ئینجا نۆرەی تۆیە.

نۆڤێچێنتۆ زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. دۆخەکەی پیێ خـۆش بـوو. گاڵتە ناکەم. چووە سەر پیانۆکـەو دەبەنگانـەترین کـاری کـرد. ئـاوازی (گەڕانـەوەی مراوییـە بـچکۆلەکەم)ی ژەنـی، پارچـە ئـاوازێکی تـابلێی دەبەنگانـەو منالانـە بـوو. چـەند سـاڵێك لەمەوبـەر لـەدەمی موسـافیرێکەوە بیـستبووی و هێـشتا لـە مێشکیدا مـابوو، زۆر کـەیفی بـەو ئـاوازە دەهـات. نـازانم بـۆ ئەوەندە حەزی لەو ئاوازە بـوو. لەگەڵیـدا دەخرۆشـا، بێگومـان ئەو ئاوازە هی ئەوە نەبوو بتوانێ توانـاو کارامـەیی خـۆی تیـا بخاتـەڕوو, منـیش دەمتـوانی بیـژەنم، ئـەم پارچـە ئـاوازەی بـە کەمێك کاریگەریی کلیلـە دەنـگ گڕەکـان و ئیکـۆو دوو سـێ ڕیتمی تایبەت بەخۆی ئەنجام دا، بەڵام ئاوازێکی گەمژانـە بـوو و ئەو شتانەش هیچی لـەو گەمژێتییـە کـەم نـەکردەوە. جێڵـی ڕۆڵ سیمای لە سیمای کەسێك دەچوو کە هەموو دیارییـەکانی سەری ساڵی تازەیان لیێ دزیبێت. بە نیگایەکی گـورگ ئاسـاوە نۆڤێچێنتۆی ئاگرباران کـرد. چـووە سـەر پیانۆکـەو ئـاوازێکی

(بلـوز)* ی ژەنـی کـە تەنانـەت کرێکـاری ماتۆڕخانەکـە، واتـە ئەڵمانییـە کەتەکەشـی خـستە گریـان، دەتـوت کێڵگـەکانی پەمووی هەرچی کۆیلە ڕەشەکانی دونیایە لەوێدا کۆبوونەتەوەو جێڵی ڕۆڵ بەنۆتەکانی پەمووەکان دەچنێتەوە. ڕۆحتی یەخسیر دەکـرد. گـشت ئامـادەبووان هەڵـسانە سـەرپێ، بـە لوشکەلوشکەوە کردیان بە چەپڵەڕێزان. جێڵی ڕۆڵ وەك ئـەوەی مێشیش میـوانی نـەبێت نەنوشـتایەوە. دیـاربوو خـەریك بـوو حەوسەڵەی نەدەما.

دیسانەوە نۆرە هاتەوە سەر نۆڤێچێنتۆ، بەڵام هەر لە سەرەتاوە کارەکەی شێواند، لەبەرئەوەی کـەوتبووە ژێـر کاریگـەریی ئـەو مۆسیقای بلـوزەوەو چـاوەکانی پڕبووبـوون لـە فرمێـسك و بـەو حاڵەوە چووە سەر پیانۆکە، بەڵام لە هـەمووی خـراپتر ئـەوەبوو کە بەو هەموو مۆسیقایەوەی لە مێشك و دەستەکانیدا هـەبوو دەزانن چـی ژەنـی؟ هـەمان ئـەو ئـاوازی بلـوزەی کـە ئەوەنـدە نەدەبوو بیستبووی. بۆ ڕۆژی دوایی پاکانـەی دەکـردو دەیـوت: "ئـاوازێکی زۆرخـۆش بـوو." ئەسـڵەن نەیـدەزانی پێـشبڕکێ و کێبڕکێ چییە. ئیدی ئەوەبوو ئەو بلوزەی ژەنییەوە. ئەمە جگە لـەوەی ئاوازەکـە لـە مێـشکی ئـەودا گۆڕابـوو بـۆ کۆمـەڵێك

---

* BLUES - مۆسیقایەکی تایبەتە بە کۆیلە ڕەشەکانی ئەمەریکا.

ئاکۆردی خاو، کە بەدوای یەکدا دەهاتن، پارچە ئاوازێکی جاڕسکەری لێ دەرچوو. بەسەر پیانۆکەدا نوشتابۆوەو یەکەیەکە ئەم ئاکۆردانەی دەژەنی، ئاکۆردی سەیروسەمەرە کە ناسازبوون و ئازاری گوێیان دەدا، کەچی ئەو خۆی چێژی لێ دەبینی. ئامادەبووان کەیفیان بە ئاوازەکە نەهات و بگرە کە تەواو بوو هەندێکیان بۆ دەربڕینی ناڕەزاییان کەوتنە فیك و هووڕ.

ئیدی ئەمجارەیان جێڵی مۆرتون تەواو بێ حەوسەڵە بوو. بەرەو پیانۆکە نەچوو، بەڵکو قەڵەمبازی بۆدا. لەبەرخۆیەوە, بەلاّم بە دەنگێك کە ئەوانی تریش بیبیستن وتی:

- ئێستا خۆم دەزانم چیت لێ دەکەم، هەی دەبەنگ.

ئینجا دەستی کرد بە پیانۆ ژەنین، بەلاّم بەناو پیانۆژەنین بوو، ئەگینا دەتوت سیحر دەکات. ئەوەی بەو هەشتاوهەشت کلیلە دەکرا کردی و بەخێراییەکی بێ وێنەشەوە. بەبێ ئەوەی نۆتێك هەڵە بکات یان ماسولکەیەکی دەموچاوی گرژ بێت. مۆسیقا نەبوو، ئەفسوون و جادوو بوو! دەتوانین بڵێین شتێکی نائاسایی بوو، نائاسایی. خەڵکەکە شێت بوون، دەگریان، هاواریان دەکردو چەپڵەیان لێ دەدا. شتی وایان نەدیبوو. هەراوزەنایەك بوو دەتوت ڕۆژی جەژنی میللییە. لەو هەراوزەنایەدا لەپڕێکدا

نۆڤێــچێنتۆ لەبەردەمــدا قــوت بــۆوەو ڕەنگــی تێکــچووبوو و کەمێکیش حەپەسابوو. سەیرێکی کردم و وتی:

- ئەم کابرایە زۆر دەبەنگە..

من وەڵامم نەدایەوە. نەمزانی چی بڵێم. بەسەرمدا نوشتایەوەو وتی:

- ئا تۆ جگەرەیەکم بدەرێ...

وا شڵەژابووم جگەرەیــەکم دەرهێنــاو دامــێ. ئــاخر نۆڤێــچێنتۆ جگەرەی نەدەکێشا، لە هەموو ژیانیــدا جگــەرەی نەکێــشابوو. جگەرەکەی گرت، لەسەر پاژنەی پێ وەرچەرخاو چــوو بــۆ ســەر پیانۆکە، ماوەیەکی ویست تا خەڵك ناو هۆڵەکە زانییان لەسەر پیانۆکە دانیشتووە. دیــارە دەیــەوێ شــتێك بــژەنێت. دوو ســێ یەك بە تەوسەوە پلاریان تێگرت و هەندێکی تر پێی پێکەنین و هــەبوو فیکــەی لێــدا. ئیــدی خــەڵکی وەهــان، بــەزەییان بــە دۆڕاوەکانــدا نایەتــەوە. نۆڤێــچێنتۆ دانــی بەخۆیــدا گــرت تــا خەڵکەکە بێدەنگ بوون. ئینجا سەیرێکی جێڵی ڕۆڵی کرد کــە لای بارەکەوە وەستابوو و شەمپانی دەخواردەوەو لەبەرخۆیــەوە وتی:

- خۆت ئەمەت ویست، ئەی پیانۆژەنە نەگبەتەکە.

پاشان جگەرەکەی منی خستە سەر قەراغی پیانۆکەو دەستی کرد بە ژەنین.

(لە بلّندگۆکەوە ئاوازێکی هونەریی شێتانەمان دێتە گوێ، دەلّێی بە چوار دەست دەژەنرێ. سی چرکە دەخایەنێت و بە ریزێك ئاکۆردی فۆرتیسمۆ کۆتایی دێت. ئەکتەرەکە چاوەڕێ دەبێت تا پارچە مۆسیقاکە تەواو دەبێت و دووبارە دەکەوێتەوە قسان)

ئیدی بەمجۆرە.

ئامادەبووان وەك کۆمەلّێك بنیادەمی گێژو ئەبلّەق هەناسەیان لە خۆیان بڕیبوو و چاویان بڕیبووە پیانۆکەو دەمیان داچەقیبوو. لە شوێنەکانی خۆیاندا جام بووبوون و ورتەیان لێوە نەدەهات. تەنانەت دوای ئەو پارچە مۆسیقا شێتانەیە کە دەتوت پەنجا دەست ژەنیویەتی، دەتوت ئێستا نا تۆزێکی تر پیانۆکە دەتەقێتەوە. لەو بێدەنگییە سەرسامکەرەدا نۆڤێچێنتۆ لە شوێنەکەی خۆی هەلّسا. دەستی برد بۆ جگەرەکەو هەلّیگرت، بەسەر پیانۆکەدا نوشتایەوەو جگەرەکەی دا لە سیمی کلیلەکانەوە.

تەق و تۆقێك لە سیمەکانەوە هات.

ئینجا جگەرەکەی دەرهێنایەوەو داگیرسابوو.

سوێندتان بۆ دەخۆم جگەرەکە داگیرسابوو.

نۆڤێچێنتۆ دەتوت مۆمێکی بچکۆلەی بەدەستەوە گرتووە. ئەو چونکە خۆی جگەرەکێش نەبوو نەیدەزانی چۆن جگەرەش بە دەستەوە بگرێت، کەمێك لە جێلّی مۆرتون نزیك بۆوە، دەستی درێژکردو وتی:

- هانیّ تۆ بیکێشە، من جگەرەکێش نیم.

ئا لەم کاتەدا خەلّکەکە لە خەوی سیحراوی بەئاگا هاتنەوە. هاتوهاوارو چەپلّەڕێزان و ئافەرین بەرزبۆوە. نازانم، بەلاّم بڕواناکەم تا ئەو کاتە شتی وا ڕوویدابێت! خەلّکەکە هەموو هاواریان دەکرد، هەموو دەیانویست دەست لە نۆڤێچێنتۆوە بدەن. گۆلّمەزێك بوو کەس بە کەس نەبوو. لەناویاندا جێلّی مۆرتونم بەدی کرد، بەوپەڕی تووڕەییەوە ئەو جگەرە نەفرەتیەی دەکێشاو دەیویست بەسەر خۆیدا زالّ بێت و وا خۆی پیشان بدات ئارامە، بەلاّم نەیدەزانی چۆن و چی بکات، تەنانەت نەیدەزانی سەیری کوێش بکات. ئینجا لەپڕێکا دەستە پەپوولە ئاساکەی کەوتە لەرزین. هەر بەتەواوی دەلەرزی و من هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێتەوە. بەجۆرێك دەلەرزی سووتووی جگەرەکە کەوتە خوارەوە، لەپێشدا کەوتە سەر قاتە ڕەشە جوانەکەی و ئینجا وردەوردە خلۆربۆوەو کەوتە سەر تاکی ڕاستی

پێڵاوەکەی، پێڵاوە چەرمە ڕەش و بریقەدارەکەی. ئەو سووتووە دەتوت تفێکی سپییەو کەوتۆتە سەر پێڵاوەکەی. سەیری دەکرد، سەیری پێڵاوەکەی و سووتووەکە، لەوەش تێگەیشت کە دەبوو تێبگەیشتایە. ئینجا وەرچەرخاو گەڕایەوە دواوەو وردەوردەو بەبێ ئەوەی سووتووەکەی سەر پێڵاوەکەی بکەوێت هۆڵە گەورەکەی جێهێشت و ڕۆیشت. پێڵاوە بریقەدارەکەی لەگەڵ خۆیدا برد کە تفێکی سپیی لەسەربوو و لەسەری نووسرابوو کەسێك براوەیەو ئەو کەسەش ئەو نییە.

ئیدی جێڵی ڕۆڵ مۆرتون بەدرێژایی سەفەرەکە خۆی لە کابینەکەیدا بەند کردو کاتێك گەیشتینە بەندەری ساوث همپتۆن لە ڤێرجینیەن دابەزی و بۆ ڕۆژی دوایی بە کەشتییەکی تر گەڕایەوە بۆ ئەمەریکا. چیتر نەیدەویست گوێی لە یەك وشە بێت سەبارەت بە نۆڤێچێنتۆ. دەیویست بگەڕێتەوە. ئەوەندەو بەس.

نۆڤێچێنتۆ لە بەشی نمرە سێی کەشتییەکەوەو لەکاتێکا پالّی بە پەیژەکەوە دابۆوە، جێڵی بینی کە بە چاکەت و پانتۆڵێکی سپیی جوانەوەو جانتا چەرمە سپییەکانیەوە لە کەشتییەکە دادەبەزی. دێتەوە یادم وتی:

- نەفرەت لە جازیش.

لیڤەرپووڵ- نیویۆرک، لیڤەرپووڵ- ڕیۆدۆژانیرۆ- بۆستن- کۆرک- لیشبۆنە- سانتیاگۆی شیلی- ڕیۆدۆژانیرۆ- ئانتیل- نیویۆرک- لیڤەرپووڵ- بۆستن- لیڤەرپووڵ، هامبۆرگ- نیویۆرک- هامبۆرگ- نیویۆرک، بەندەری جێنۆڤا- فلۆریدا- ڕیۆدۆژانیرۆ- فلۆریدا- نیویۆرک- بەندەری جێنۆڤا، لیشبۆنە- ڕیۆدۆژانیرۆ- لیڤەرپووڵ- ڕیۆدۆژانیرۆ- لیڤەرپووڵ، نیویۆرک- کۆرک- شێربۆرگ- کۆرک- بۆستن- لیڤەرپووڵ- ڕیۆدۆژانیرۆ، نیویۆرک- لیڤەرپووڵ- سانتیاگۆی شیلی- نیویۆرک- لیڤەرپووڵ و ئۆقیانووسەکەش ڕێک لە ناوەڕاستیاندا بوو. لەوێش بوو کە تابلۆکە لە دیوارەکە کەوتە خوارەوە.

بەسەرهاتی ئەم تابلۆیانە هەمیشە کاریگەریی لەسەر من هەبووە، ساڵەهای ساڵ بەدیوارەوەن، کەچی لەپڕێکاو بەبێ ئەوەی هیچ شتێک ڕووبدات... تاااپ... دەکەونە سەر زەوی، بە بزمار بەدیوارەوە هەڵواسراون و کەس هەقی نییە بەسەریانەوە، بەڵام لەپڕێکا... تاپ... وەکو بەرد دەکەونە خوارەوە. لە بێدەنگیەکی ڕەهادا کە نەهیچ شتێک دەجووڵێتەوەو نەگێزەی مێشکیشی تیا دەبیسترێ، لەپڕێکاو بێ هیچ هۆیەک ئەم تابلۆیانە دەکەونە خوارەوە. باشە بۆ ڕێک لەو کاتەدا؟ کەس نازانێت... تاااپ... چ شتێک وا لەو بزمارە

دەکات چیدی توانای هەڵگرتنی ئەو تابلۆیەی نەمێنێت؟ ئاخۆ بزماری بەسزمانیش ڕۆحی هەیە؟ دەتوانێ بڕیار بدات؟ پێشتر بزمارەکە بۆ ماوەیەك لەگەڵ تابلۆکەدا مشتومڕیان بووە، لەوانەیە چەند ساڵێك لەمەوبەر، پاشان لەسەر سەعاتێك و دەقیقەیەك و چرکەیەکی دیاریکراو ڕێك دەکەون و ئینجا... تااپ... یان ڕەنگە هەردووکیان لە سەرەتاوە ئەوەیان زانیبێت و بەڵێنیان لەسەری دابێت: بیرت نەچێ من حەوت ساڵی تر دەسبەردارت دەبم، دڵت هیچ نەکات، باشە؟ قەراریشمان ڕۆژی سیانزدەی مانگی مایس بێت، سەعات شەش چارەك کەم، باشە؟ شەوشاد... شەوشاد.

پاشان حەوت ساڵ دوای ئەوە، لە سیانزدەی مانگداو لە سەعات شەش چارەك کەمدا... تاااپ... ئەسڵەن بنیادەم سەری لێ دەرناکات. ئەمە یەکێکە لەو شتانەی نابێ زۆر بیری لێ بکەیتەوە، ئەگینا مێشکت تێك دەدات. کاتێ تابلۆکە لە بزمارەکە جیادەبێتەوەو دەکەوێت، کاتێ بەیانییەکیان لەخەو خەبەرت دەبێتەوەو سەیر دەکەیت چیدی عاشقی نیت. کاتێ ڕۆژنامە دەکەوێتەوەو دەبینیت جەنگ دەستی پێ کردووە، کاتێك شەمەندەفەرێك دەبینیت و بە خۆت دەڵێیت: "ئیدی من دەبێ ئێرە جێبێڵم", کاتێ لە ئاوێنەدا سەیری خۆت

دەکەیت و هەست دەکەیت پیربوویت، کاتێ نۆڤێچێنتۆ لە ناوجەرگەی ئۆقیانووسدا سەری لەسەر قاپەکەی بەردەمی بەرزکردەوەو پێی وتم: "سێ ڕۆژی تر لە نیویۆرك لە کەشتییەکە دادەبەزم." لەجێی خۆم وشك بووم.

تا ااا پ.

ناتوانیت لە تابلۆ پرسیار بکەیت، بەڵام خۆ دەتوانیت لە نۆڤێچێنتۆ بپرسیت. سەرەتا هیچم نەوت، بەڵام دوایی بە پرسیار گێژم کرد. دەمویست بزانم بۆ، دیارە هۆیەکی هەیە. کەس نییە سی ساڵ زیاتر لەسەر کەشتییەك هەموو ژیانی خۆی بەسەر بردبێت و ئاوەها لەپڕێکدا بیەوێ لێی دابەزێت، تەنانەت بەبێ ئەوەی هۆی ئەوە بە باشترین هاوڕێی خۆیشی بڵێت.

پێی وتم:

- شتێك لەو خوارە هەیە کە پێویستە ببینم.

- چ شتێك؟

نەیدەویست پێم بڵێت، کاتێکیش پێی وتم تێگەیشتم بۆچی نەیدەویست بیڵێت. وەڵامەکەی ئەمە بوو:

- دەریا.

- دەریا؟

- دەریا.

دەفەرموو. بۆ هەموو شتێك دەچیت تەنها ئەمە نەبێت. بڕوام نەدەکرد، لەوانەشە ویستبێتی پێم ڕابوێرێت. ئەمەیە گاڵتەی ئەم سەدەیە.

- نۆڤێچێنتۆ، سی و دوو ساڵە تۆ دەریا دەبینیت.

- ئاخر لێرەوە بینیومە. دەمەوێ لە وشکانیشەوە بیبینم.... جیاوازە.

ئای خوای گەورە، دەتوت لەگەڵ منالێکدا قسە دەکەم.

- باشە، زۆرچاکە. چاوەڕێکە تا دەگەینە بەندەرو لەوێ بنوشتێرەوەو باش سەیری کە، دەبینیت جیاواز نییە.

- جیاوازە.

کێ پێی وتویت جیاوازە؟

جوتیارێك ئەمەی پێ وتبوو کە ناوی (باستەر لین باستەر)بوو. یەکێك بوو لەو بنیادەمانەی چل ساڵ وەکو هێستر کاردەکەن و جگە لە کێڵگەکەیان هیچی تر نابینن. لەوانەشە یەك دوو جار لە ڕۆژی بازاڕی جوتیاراندا شاریان دیبێت کە چەند کیلۆمەترێك لە کێڵگەکەیانەوە دوورە.

بەکورتی ئەم جوتیارە هەرچییەکی کردبوو، وشکەساڵی لێی سەندبوو، ژنەکەشی دەستی لەگەڵ قەشەیەکدا تێکەڵ کردبوو و

جێی هێشتبوو. گرانەتاش هەردوو منالەکەی کوشتبوو. وەکو دەڵێن دیارە بەختێکی زۆرباشی هەبووە. ئیتر ئەمیش ڕۆژێك هەرچی باروبنەی خۆی هەیە کۆی دەکاتەوە تا ئینگلستان تەی بکات و لەوێشەوە بۆ لەندەن، بەڵام چونکە ئەهلی سەفەر نەبوو، لەبری لەندەن گەیشتبووە دێیەکی بچکۆلەی بێ ناونیشان، لەو شوێنانەی ئەگەر چەند هەنگاوێکی ترت بنایەو دوو گردۆڵکەت تێپەڕاندایە، لەودیوی گردەکەوە چاوت بە دەریا دەکەوت و ئەویش بە هەموو ژیانی دەریای نەدیبوو. بۆیە بە بینینی ئەبڵەق بووبوو, و وەکو خۆیشی وتبووی هەستی کردبوو ئیتر ڕزگاری بووە. دەیوت: "لە نەڕەیەکی گەورەی بێ کۆتایی دەچێت کە هاوار دەکات: هەی بێ خەبەران، ژیان شتێکی مەزنە. دەتانەوێ تێبگەن یان نا؟ زۆر مەزنە." بەڵام لین باستەر تا ئەو دەمە بیری لە شتێکی وا نەکردبۆوە هەربۆیە دەتوت ئەم ڕووداوە شۆڕشێکی لە ناخیدا بەرپا کردووە.

پێدەچوو نۆڤێچێنتۆش وەکو ئەو هەرگیز ئەو شتەی بەبیردا نەهاتبێت، کە ژیان زۆر مەزنەو فراوانە. ڕەنگە پەی بەوە بردبێت، بەڵام هەرگیز کەس بەو شێوەیە بە دەنگێکی بەرز نەیداوە بە باگوێیدا. ئیدی بۆیە هەزار جار داوای لە باستەر

کردەوە ئەو حیکایەتی بینینی دەریایەی بۆ دووبارە بکاتەوە. دواجاریش بڕیاریدا خۆیشی تاقی بکاتەوە. کاتێکیش دەیویست بۆ ئەوە قەناعەت بە من بکات، لەو کەسانە دەچوو کە شێوەی کارکردنی مەکینەیەکت بۆ ڕوون دەکەنەوە، وەکو ڕوونکردنەوەیەکی زانستیانە.

- من دەتوانم ساڵانێکی تریش بەسەر ئەم کەشتییەوە بمێنمەوە، بەڵام لە دەریا تێناگەم. لە کاتێکا ئەگەر دابەزم و لەسەر وشکانی بژیم و ببمە مرۆڤێکی ئاسایی، ڕۆژێك دەکەومە ڕێ، دەگەم بە کەناری دەریایەك، هەر کەنارێك بێت، سەرم هەڵدەبڕم و لە دەریا دەڕوانم. دەبینم کە دەریاکە لەوێیەو گوێی بۆ ڕائەدێرم.

قسەکانی زانستی بوون، لە قسە بێسەرەوبەرەکانی ئەم سەدەیەمان دەچوو. دەکرا ئەوەشی پێ بڵێم، بەڵام نەموت، شتەکە هەروا ئاسان نەبوو. مەسەلەکە ئەوەبوو کە من نۆڤێچێنتۆم خۆشدەویست و خۆیشم حەزم دەکرد درەنگ یا زوو لەو کەشتییە بێتە خوارێ و مۆسیقا بۆ خەڵکی سەر وشکانی بژەنێت. ژنێکی باش بهێنێت و منداڵیان ببێت. بەکورتی ئەم شتانەی ژیان کە ڕەنگە شتی گەورەش نەبن، بەڵام خۆشن.

ئەمە ئەگەر خـۆی حـەز بکـات و کـەمێکیش بـەخت یـاوەری بێت.

بەکورتی من ئەم حیکایەتەم بەجیدی نەدەهاتە بەرچـاو، بـەڵام ئەگەر بێتەهۆی ئەوەی نۆڤێچێنتۆ لە کەشتییەکە دابەزێت، بـۆ نا؟ وردەوردە بیرم کـردەوە کـە شـتێکی خـراپ نییـە. پـێم وت بڕیارەکـەی بەجێیـەو هـەر بەڕاسـتی پـێم خۆشـەو پاڵتۆکـەشمی دەدەمێ کە لە خوریی حوشتر دروست کراوەو بەو پاڵتۆیەوە لـە پێپلیکانەکان بچێتە خوارێ، دیمەنێکی سەرنجڕاکێـشی دەبێـت. ئەویش کە کەمێك ورووژابوو وتی:

– ئەی تۆ؟ کە چوومە سەر وشکانی، دێیت بۆ سەردانم؟

ئای خوایە.. کاتێ ئەم قسانەی دەکـرد مـن قـوڕگم پڕبـوو لـە گریان، دەتوت شتێك وا لەناو قوڕگمدا. خۆمم بـۆ ڕانـەدەگیرا. خواحافیزی زۆر بێتاقەتم دەکات، بـەڵام هەرچـۆنێك بـوو هێـزو تینم دایە خۆم و پێکەنیم. هەرچەند پێشمەوە دیاربوو. پێم وت بێگومـان دەچـم بـۆ سـەردانی و ئەوسـا سەگەکەشـی لەگـەڵ خۆماندا دەبەین بۆ ئەو دەشت و دەرەو هاوسەرەکەی قەڵمان بـۆ لێـدەنێت و خـەریکی دونیایـەك شـتی تـریش دەبـین. ئینجـا هـەردووکمان پێکـەنین، بـەڵام لـە نـاخی دڵمانـەوە دەمـانزانی ڕاستییەکە شتێکی ترە. ڕاستییەکە ئەوەیـە کـە ئـەوە کۆتـایی

هەموو شتەکانەو تـازە هـیچ نـاکرێ و دواجـاریش ئـەوە دەبـێ ڕوودات و ئێـستاش ڕوودەدات: تـی. دی. لیمـۆن نۆڤێـچێنتۆ دەیویست ڕۆژێك لە ڕۆژانی شـوبات لـە بەنـدەری نیویـۆرك لـە کەشتییەکە دابەزێت. دوای سی و دوو ساڵ ژیان لەناو دەریادا، دەیویست پێ بخاتە سەر وشکانی و لەوێوە دەریا ببینێت.

(ئاوازی مۆسیقایەکی بالادی کۆن بەرز دەبێتـەوە. ئەکتەرەکـە لە تاریکیدا ون دەبێت و پاشان بەجلەکانی نۆڤێچێنتۆوە بەسەر پێپلیکانەی کەشـتییەکی هەڵمییـەوە دەردەکـەوێ. پاڵتۆیـەکی لەبەردایـە لـە خـوریی حوشـتر دروسـت کـراوە، شـەبقەیەکی لەسـەردایە، جانتایـەکی گـەورەی بەدەسـتەوەیە. بـۆ ماوەیـەك لەبـەر (بـا) بـێ جووڵـە دەمێنێتـەوەو لـە پێـشەوەی خـۆی دەڕوانێت.

سەیری نیویۆرك دەکات. پاشان لە پلەی یەکەم دەچێتە خوارێ، ئینجـا پلـەی دووەم و سـێیەم، لـەم سـاتەدا لـەناکاودا دەنگـی مۆسـیقاکە نامێنێـت و نۆڤێـچێنتۆ لـە شـوێنی خۆیـدا جـام دەبێـت. ئەکتەرەکـە شـەبقەکەی سـەری دادەگرێـت و سـەیری بینەران دەکات) لەسەر پلەی سێیەم بوو کە لەپڕێکدا وەستا. نیل ئۆکۆنۆری ئێرلەندایی کە سەری لە هیچ دەرنەدەکرد، بەڵام هەرگیز لە قسە خۆشەکانی خۆی نەدەکەوت، وتی:

- چییە؟ دەڵێی لە گوودا چەقیویت؟

منیش وتم:

- لەوانەیە شتێکی لەبیرچووبێت.

- وەکو چی...؟

- چوزانم.

- لەوانەیە لەبیری چووبێتەوە بۆچی لە کەشتییەکە دادەبەزێت.

- قسەی قۆڕ مەکە.

لەم کاتەدا نۆڤێچێنتۆ بێ جووڵە وەستابوو. پێیەکی لەسەر پلەی دووەم و پێیەکەی تری لەسەر پلەی سێیەم بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر بەو شێوەیە مایەوە. سەیری پێشەوەی خۆی دەکرد وەك ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێت. دواجاریش شتێکی سەیری کرد! شەبقەکەی سەری داگرت، دەستی بەرزکردەوەو تووڕهەڵیدا. شەبقەکە وەك باڵندەیەکی ماندوو چەند سووڕێکی خواردو پاشان کەوتە سەر ئاوی دەریاکە, کاتێکیش نیگامان بۆ سەر پێپلیکانەکان گواستەوە، نۆڤێچێنتۆمان بینی کە پاڵتۆ خورییەکەی لەبەردابوو، واتە ئەو پاڵتۆیەی من دابووم پێی و لە خوریی حوشتر دروست کرابوو، پشتی کردبووە خەڵکەکەو زەردەخەنەیەکی سەیریش

لەسەر لێوی بوو. سەردەکەوتەوە سەرەوە. دوو هەنگاوی تری نا و لەنێو کەشتییەکەدا لەچاو ون بوو.

نیل ئۆکۆنۆر وتی:

- بینیت؟ پیانۆژەنە تازەکە گەیشت.

منیش وتم:

- دەڵێن باشترین پیانۆژەنە.

نەشمدەزانی ئاخۆ ئەو گەڕانەوەیەیم پێ خۆش بێت یان پێم ناخۆش بێت! پێی نەوتم لەو پلەی سێیەمە نەفرەتیەوە چی بینیبوو! ئەو ڕۆژەو هەروەها لە دوو سەفەری دوای ئەو ڕۆژەدا نۆڤێچێنتۆ کەمێك سەیروسەمەرە دەهاتە پێشچاو. لەجاران کەمتر دەدواو دەتوت مێشکی بە شتێکی تایبەتی خۆیەوە مەشغوڵە. ئێمە هیچمان لێ نەدەپرسی و ئەویش بەجۆرێك ڕەفتاری دەکرد وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت. دیاربوو ئاسایی نەبوو. بەهەرحاڵ ئێمە نەماندەویست لێی بپێچینەوە. چەند مانگێك بەمجۆرە تێپەڕی، تا ئەوەبوو ڕۆژێکیان نۆڤێچێنتۆ هاتە ژوورەکەی من و کەمێك بە شێنەیی و بەڵام بێ ناوبڕ وتی:

- سوپاس بۆ پاڵتۆکەت، پڕبە بەرم بوو و زۆریش لێم دەهات، بەداخەوە، دەمتوانی بەو پاڵتۆیەوە خۆم بنوێنم، بەڵام ئێستام

زۆرباشە. ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیشت و تۆش وامەزانە بەختەوەر نیم، من چیتر لەمەودوا بەدبەخت نابم.

ئەگەر لە من دەپرسن، من ئەسڵەن دڵنیانیم لەوەی ئەو ڕۆژێك لە ڕۆژان بەختەوەر نەبووبێت. ئەو كەساێك نەبوو بنیادەم لێی تێبگات ئاخۆ بەختەوەرە یان نا. ئەو نۆڤێچێنتۆ بوو و بەس. كە دەتبینی بیرت لەوە نەدەكردەوە ئاخۆ بەختەوەرە یان نا. ئەو وادەهاتە بەرچاو لە سەروو ئەو شتانەوەیەو بوونەوەرێكە ناگیرێ. خۆی بوو و مۆسیقاكەی. ئیدی شتەكانی دی ئەرزشێكیان نەبوو.

"تۆش وامەزانە كە بەختەوەر نیم، من چیتر لەمەودوا بەدبەخت نابم." لەم قسەیەی تەواو سەرم سووڕما. ئەو كە شتێكی دەوت بەگاڵتە نەیدەوت. لەو جۆرە كەسانەبوو كە باش دەیزانی چی دەڵێت و چی دەكات. ڕێك وەك ئەو كاتانەی لەسەر پیانۆكە دادەنیشت و دەستی دەكرد بە ژەنین، بەبێ ئەوەی تۆسقاڵێك دوودڵی لە دەستەكانیدا بەدی بكەیت، و دەتوت كلیلەكانی پیانۆكە هەر لە سەرەتاوە چاوەڕێی ئەو نۆتانە بوون، دەتوت لەپێناوی ئەو نۆتانەدا هەن. وا دەهاتە پێشچاویش كە ئەو لەپڕێكدا ئەو نۆتانە دابهێنێت، بەڵام نۆتەكان پێشتر لە شوێنێكی مێشكیدا تۆمار بووبوون.

ئێستا دەزانم ئەو ڕۆژە نۆڤێچێنتۆ بڕیاری دابوو لەبەردەم کلیلە ڕەش و سپیەکانی ژیانیدا دابنیشێت، مۆسیقایەکی سامناک، بەڵام تا بڵێی نائاسایی بژەنێت. مۆسیقایەکی ئاڵۆز، بەڵام ناسك. بەشکۆترین مۆسیقای دونیا. بۆئەوەی ئیتر لەوەودواو تا لە ژیاندا بێت بەسەماکردن لەگەڵ ئاوازی ئەو مۆسیقایەدا باقیی ساڵانی تەمەنی بگوزەرێنێت و ئیدی هەرگیز غەمگین و بەدبەختیش نەبێت.

من لە (بیست و یەکی ئابی ساڵی 1933)دا کەشتیی ڤێرجینیەم جێهێشت. شەش ساڵ بەر لەو مێژووە سواری بووبووم، بەڵام وامدەزانی تەمەنێکی تەواوم تیایدا بەسەربردووە، بۆ ڕۆژێك و هەفتەیەك جێم نەهێشت، بەڵکو بۆ هەمیشەو بە خۆم و ئەوراقی جێهێشتنی کەشتییەکەو مووچە دواکەوتووەکانم و شتەکانی ترمەوە. هەموو شتەکانم یاسایی بوون. بۆ هەتاهەتایە ئۆقیانووسم جێهێشت. نەك لەبەرئەوەی ئەو ژیانەم لا خۆش نەبوو. شێوەیەکی تایبەتی بەسەربردنی ژیان بوو، شێوەیەکی کردەییش بوو، بەڵام کە بیرم لێ دەکردەوە هەستم دەکرد ناتوانم لەسەر ئەو شێوە ژیانە بەردەوام بم. ئەگەر خۆت دەریاوان بیت ئەوە شتێکی ترە، ئەوێ شوێنی خۆتەو دەتوانیت تا مردن لەناو دەریادا بمێنیتەوە، مەسەلەیەك

نییە، بەڵام بابایەکی ترومپێتژەن...تۆ ئەگەر ترومپێتژەن بیت، لەناو دەریادا بێگانەیت و هەر بە بێگانەییش دەمێنیتەوە. باشتر وایە درەنگ یا زوو بگەڕێیتەوە ماڵەکەی خۆت. لە دڵی خۆمدا وتم ڕۆژێك زووتر، باشتر.

بە نۆڤێچێنتۆم وت: "ڕۆژێك زووتر، باشتر." ئەویش تێگەیشت. دیاربوو پێی ناخۆش بوو من کەشتییەکە جێبهێڵم، بەتایبەتیش ئەگەر جێهێشتنەکەم یەکجاری بێت، بەڵام هەرگیز ئەوەی پێ نەوتم. واش باشتربوو.

دواشەو پێکەوەو هەروەکو جاران مۆسیقامان بۆ کەللەپووتەکانی هۆڵی نمرە یەك دەژەنی. کە نۆرەی من هات تا بە سۆلۆ بژەنم، دەستم کرد بە ژەنین و پاش کەمێك سەیرم کرد ئاوازی پیانۆکەش لەگەڵمدا دێت. زۆر لەسەرخۆو بەنەرمی لەگەڵما دەهات. دوو بە دوو لەسەر ژەنین بەردەوام بووین و من چەندم لە تواناداا بوو بەباشی دەمژەنی، هەڵبەتە نالێم وەکو (لویس ئارمسترۆنگ) بووم، بەڵام مۆسیقاکەم باش دەژەنی و نۆڤێچێنتۆش دوابەدوای من لەگەڵ ئاوازەکانمدا دەهات. ترومپێتەکەی من و پیانۆکەی ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر ئێمەی بردە دونیایەکی ترەوە، دونیایەك تیایدا زۆر شتمان بەیەکتر وت کە پێشتر بە وشە بەیەکترمان نەوتبوو. خەڵکەکەش

بەدەورماندا سەمایان دەکرد، بەبێ ئەوەی لەو دۆخەی ئێمە تێبگەن. ئەسڵەن هیچ شتێکیان لەو ماجەرایەی ئێمە نەدەزانی و وەك ئەوەی هیچیش ڕووینەدابێت لەسەر سەمای خۆیان بەردەوام بوون. نازانم! لەوانەشە تیایاندا بووبێت وتبێتی: "ئەو کابرایە دەبینیت کە ترومپێت دەژەنێت؟ چەند قۆشمەیە، دیارە یان مەستە یان شێتە، ترومپێت دەژەنێت و لەگەڵیشیدا دەگری."

ئەو شتانەی دوای ئەوەی من کەشتییەکەم جێهێشت ڕوویانداوە، حیکایەتێکی ترن. ڕەنگبوو گەر ئەو جەنگە نەفرەتییە بەرپا نەبووایە بمتوانیبایە شتێکم بکردایە، بەڵام جەنگ هەموو شتەکانی تێکداو بنیادەم سەری لێ شێوا، بۆ تێگەیشتن لێی پێویستی بە مێشکێکی گەورەو هەندێ توانابوو کە من شکم نەدەبرد. من هەر ئەوەندەم دەزانی ترومپێت بژەنم، بەڵام ئەوەی سەرسوڕهێنە ئەوەیە کە ئەم کارە لە ڕۆژگاری جەنگدا چەند بێهوودەیە. جەنگێك کە وەکو گەنە پێتەوە دەنووسێت و لێت نابێتەوە.

بەهەرحاڵ، من بۆ چەند ساڵێك هیچ خەبەرێکم سەبارەت بە ڤێرجینیەن و نۆڤێچێنتۆ نەدەزانی. نەك لەبەر ئەوەی لەبیرم چووبێتەوە، نا، هەمیشە لە یادم بوو. زۆرجار لەخۆمم

دەپرسی: "نۆڤێـچێنتۆ ئەگەر لێرەبووایـە چیی دەکرد؟ چیی دەوت؟ بێگومان دەیوت: نـەفرەت لـە جـەنگیش"، بـەڵام گـەر من بمگوتبایە ئەو کاریگەرییەی نەدەبوو. ڕۆژگـارێکی هێنـدە نـاخۆش بـوو کـە هەنـدێجار بەخـەیاڵ دەگەڕامـەوە بـۆ نـاو کەشتییەکە، بۆ هۆڵی ژمرە سێ، تا گوێ بۆ ئاوازەکـانی ئـۆپێرا شل بکەم کە ڕێبوارەکان دەیانگوتەوە، هەروەها بۆ نۆڤێـچێنتۆ کـە مۆسـیقایەکی گـەلێ سەیروسـەمەرەی دەژەنـی. دەسـت و دەموچاو و ئۆقیانووسەکەی دەورووپشتیم دەهێنایـەوە بەرچـاوی خۆم. ئیـدی نـوقمی دونیـای خـەیاڵات دەبـووم. لـەو کاتانـەدا هیـچی تـرت لـە دەسـت نایـەت، ئەمـە تاقـە شـتێکە بـۆت بمێنێتەوەو لەو دۆخە ڕزگارت بکـات، هەرچـەندە ئەمـە چـاری ناچارییە، بەڵام تاڕادەیەك فریات دەکەوێت.

هەرچۆنێك بێت ئەو حیکایەتە لای مـن کۆتـایی هـاتبوو، یـان پێدەچوو کۆتـایی هاتبێـت، تـا ڕۆژێکیـان نامەیـەکم بەدەسـت گەیـشت کـە لەلایـەن نیـل ئۆکۆنـۆرەوە نێردرابـوو، ئـەو کـابرا ئێرلەندایییەی هەمیشە گاڵتەوگـەپی دەکـرد، بـەڵام ئـەمجارەیان نامەکەی جیدی بوو، بۆی نووسـیبووم ڤێرجینیـەن لـە جەنگـدا شـەق و شـڕبووەو ماوەیـەك وەکـو نەخۆشـخانەیەکی گـەڕۆك بـەکاریان هێنـاوە، بـەڵام ئاخریەکـەی ئەوەنـدە پـەڕپووت و

بێکەڵك بووە بڕیاریانداوە لەناوی بەرن. چەند خزمەتکارێکی تیامابوو کە لە بەندەری (پلیماوث) ئەوانیشیان داگرتووە. کەشتییەکەیان پڕکردووە لە دینامیت و ئەمڕۆ سبەی دەیبەنە ناوەڕاستی دەریاوەو ... بوووم... دەیتەقێننەوەو شوێنەواری ناهێڵن، ئینجا لە پەراوێزی نامەکەدا نووسیبووی: (سەد دۆلار شك نابەیت؟ سوێند دەخۆم ئەتدەمەوە) پاشان لەژێر ئەمەشدا نووسیبووی: (نۆڤێچێنتۆ لەناو کەشتییەکەدا مایەوەو دانەبەزی.)

من چەند ڕۆژێك ئەم نامەیەم دەخوێندەوەو دەمهێناو دەمبرد. دواتر سواری شەمەندەفەر بووم و ڕۆیشتم بۆ پلیماوث. چووم بۆ بەندەرەکەو بەدوای کەشتیی ڤێرجینیەندا گەڕام تا دۆزیمەوە. شتێك پارەم دا بەو پاسەوانانەی لەوێ بوون. سەرکەوتمە سەر کەشتییەکەو، سەروخواری گەڕام، چوومە خوارەوە بۆ ماتۆڕخانەکەو لەسەر سندوقێك دانیشتم کە لەوەدەچوو پڕی لە دینامیت بێت. شەبقەکەی سەرم داگرت و لەسەر زەویەکە دامنا. بە بێدەنگی مامەوە بەبێ ئەوەی بزانم چی بڵێم:

بێ هیچ جووڵەیەك نوقمی تەماشای ئەوبووم، ئەویش بێ هیچ جووڵەیەك نوقمی تەماشای من بوو/ دینامیتی لەژێردابوو، ئەو ناوە هەمووی پڕبوو لە دینامیت/

دانی بوودمان تی. دی. لیمۆن نۆڤێـچێنتۆ/ دەتـوت زانیبـووی دەچم بۆ لای، وەك چۆن هەمیـشە دەیزانـی کـام نۆتانـە دەژەنم و.../

گەرچـی پـیر دەینوانـد، بـەڵام پیریتییەکەشـی لێ هـاتبوو، شەکەت نەبوو/

هیچ ڕۆشناییەك لە کەشتییەکەدا نەبوو، بەتەنها ڕووناکییـەکی کز نەبێت کە لە دەرەوە دەهات، خودا دەیزانی شەو چۆنە/

دوو دەسـتی سـپی، قۆپـچەکانی چـاکەتەکەی داخرابـوون، پێڵاوەکانی بۆیاخ کرابوون/ لە کەشتییەکە دانەبەزیبوو/

لەو تاریك و ڕوونەدا لە شازادەیەك دەچوو/

دانەبەزیبوو، دەیویست لەگەڵ کەشتییەکەدا نوقمی دەریا بێت و دانەبەزێت/

ڕێوڕەسمی پڕشکۆی کۆتایی لەگەڵ هەموو ئەو بنیادەمانەی لـە لەنگەرگـەو کـەناری دەریاکـەوە سـەیریان دەکـرد، تەرەقـەو فیـشەکەشێتە، دوا ماڵئـاوایی، پەردەکـە دادەدرێتـەوە، گـڕو دووکەڵ، و دواجاریش... شەپۆلێکی گەورە/

دانی بوودمان. تی. دی. لیمۆن/ نۆڤێچێنتۆ/

لـەنێو ئـەو کەشــی یـەدا کـە نـوقمی تـاریکی بووبـوو، دوا یادەوەریی ئـەو کـە لای مـن جێمـا، بـە تـەنها دەنگێـك بـوو، دەنگێك کە بە هێمنی دەدوا.

/

/

/

/

/

(ئەکتەرەکە دەبێت بە نۆڤێچێنتۆ)

/

/

/

/

/

ئەو شارە گەورەیە... کۆتاییەکـەی نـابینرێ.../ کۆتاییەکـەی، بێزەحمەت دەتوانم کۆتاییەکەی ببینم؟/ ئەو ژاوەژاوەش/

کـە لەسـەر ئـەو پێپلیکانـە نەفرەتیانـە بـووم... هـەموو ئـەو شتانە جوان بوون... منـیش بـەو پاڵتۆیـەوە زۆر گـەورە بـووم،

دیمەنم جوان بـوو، هەڵبەتـە دەشمویـست دابـەزم، ئـەوە شـتێکە قسەی تیا نییە، کێشەیەکیش لە ئارادا نەبوو/

بە شەبقە شینەکەمەوە/

پلەی یەکەم، پلەی دووەم، پلەی سێیەم/

پلەی یەکەم، پلەی دووەم، پلەی سێیەم/

یەکەمین پلە، دووەمین/

ئەوەی منی ڕاگرت ئەوەنەبوو کە بینیم/

بەڵکو ئەوەی ڕایگرتم ئەوەبوو کە نەمبینی/

تێدەگەیت لـێم بـرام؟ ئـەو شـتەبوو کـە نـەمبینی... بەدوایـدا گەڕام، بەڵام نەمبینی، لـەو شـارە زەبەلاحـەدا هـەموو شـتێك هەبوو جگە لە.../

هەموو شتێك هەبوو/

بەڵام کۆتایی نەبوو. ئەوەی نەمبینی کۆتایی جیهان بوو. ئـەو شوێنەی تیایدا هەموو شتەکان کۆتاییان دێت، کۆتایی دونیا/

ئێستا تۆ تەماشاکە: پیانۆ. کلیلـەکانی سـەرەتایەکیان هەیـە. کلیلـەکان کۆتاییـەکیان هەیـە. تـۆ خـۆت دەزانیـت هەشـتاو هەشـتن، لـەم بارەیەشـەوە کـەس نـاتوانێ هەڵتبخەڵـەتێنێت. کلیلەکان بێ کۆتایی نین، بـەڵکو ئـەوە تۆیـت بـێ کۆتاییـت و لـەنێو ئـەم کلیلانـەدا مۆسـیقایەکی جاویـدان هەیـە کـە تـۆ

دەتوانیت تیایاندا دەریبهێنیت. کلیلەکان هەشتاو هەشتن، بەڵام تۆ سنوورێکت نییە. من عاشقی ئەمەم، لەگەڵ ئەمەدا دەتوانم بژیم.

بەڵام کاتیٚ تۆ.../

بەڵام کاتیٚ من بەو پلیکانانەدا سەردەکەوم و لەبەردەممدا/

بەڵام کاتیٚ من بەو پلیکانانەدا سەردەکەوم و لەبەردەممدا ڕیزێك کلیل دەبینم کە لە ملیۆنەهاو ملیارەها کلیل پێکهاتووە/

ملیۆنەهاو ملیارەها کلیل کە هەرگیز کۆتاییان نایەت و هەر بەڕاستی هەرگیز کۆتاییان نایەت و ئەو ڕیزە کلیلە بیٚ کۆتاییە/

کە ئەو ڕیزە کلیلەش بیٚ کۆتایی بوو. ئەوکات/ ناتوانیت هیچ ئاوازێك بژەنیت. تۆ لەسەر کورسییەکی هەڵە دانیشتوویت: ئەو پیانۆیەش پیانۆیەکە خوا دەیژەنێت/

ئای خوایە! ئەو شەقامانەت بینی؟

بەتەنها شەقامەکان هەزاران شەقام دەبن و کاتیٚ تۆش لەویٚ دەبیت نازانیت کامیان هەڵبژێریت/

نازانیت ئافرەتێك هەڵبژێریت/

خانوویەك، زەویەك کە هی تۆ بێت، دیمەنێك کە تەماشای بکەیت، ڕێگایەك بۆ مردن/

تەواوی ئەو دونیایەی لەوێیە/

تەواوی ئەو دونیایەی لەوێیە پێتەوە دەنووسێت و تۆ نازانیت کۆتاییەکەی وا لە کوێ/

تا کوێ بردەکات/

ئەگەر بیرلەوە بکەیتەوە هەرگیز ناترسیت لەوەی ببیت بە هەزار پارچەوە. بیر لەو بێ سنوورییە، لەو جیهانە؟! لەو جیهانەدا بژیت.../

من لەم کەشتییەدا هاتوومەتە دونیاوە، دونیاش بێرەدا ڕەت دەبوو، بەڵام هەرجارەو دوو هەزار موسافیر. حەزو خولیاکانی منیش هەر سەر بەم دونیایە بوون، بەڵام ئەوەندەی لەمسەروئەوسەری ئەم کەشتییەدا جێیان بێتەوە. تۆش کامەرانی خۆت لەسەر ڕیزێك کلیل دەژەنی کە بێ کۆتایی نەبوون. من ئاوەها فێربووم.

زەوی بۆ من کەشتییەکی بێ ئەندازە گەورەیە. سەفەرێکە بێ ئەندازە دووروودرێژ، ئافرەتی بێ ئەندازە جوان، عەتری بێ ئەندازە تیژ، مۆسیقایەکە من ناتوانم بیژەنم. بمبوورە، من لەم کەشتییە ناچمە دەرێ... وازم لێ بێنە با تیا بمێنمەوە.

تکات لێ دەکەم/

/

/

/

برام، ئێستاش هەوڵبدە لێم تێبگەیت. ئەگەر پێت دەکرێ

هەوڵبدە لێم تێبگەیت/

تەواوی ئەو دونیایە لە چاوانمدا/

ترسناك بوو، بەڵام جوان/

بێ ئەندازە جوان/

ئەو ترسەی کە منیش دەگەڕێنێتەوە دواوە/

دیسانەوە کەشتییە هەروەکو هەمیشە/

کەشتییەکی بچووك/

سەرلەنوێ ئەو دونیایە لە چاوانمدا، هەموو شەوێك/

تارمایی/

گەر بواریان بدەیت دەمارت دەردێنن/

حەزی دابەزین/

ترس لە ئەنجامەکەی/

ئیدی شێتت دەکەن/

شێت/

بۆیە دەبوو کارێك بکەم و ئەوەبوو کردم/
سەرەتا بە خەیاڵ هێنامە بەرچاوی خۆم/
دواتریش بەکردەوە ئەنجامم دا/
هەموو ڕۆژێك بەدرێژایی ئەو ساڵانە/
دوانزدە ساڵ/
ملیارەها سات/
جووڵەیەکی نەبینراو، و زۆر خاو/

من کە نەمتوانی لەم کەشتییە دابەزم، بۆ ئەوەبوو خۆم ڕزگار بکەم، لە کەشتیی ژیانم دابەزیم. پلەپلە، هەر پلەیەکیش ئارەزوویەك بوو، لەگەڵ هەر پلەیەکدا ئارەزوویەك هەبوو کە ماڵئاواییم لێ دەکرد.

من شێت نیم، برا کاتێك ڕێگایەك بۆ ڕزگاربوون دەدۆزینەوە ئەوە شێتی نییە. وەکو گیانەوەرێکی برسی فێڵزان دەبیت، بەڵام ئەمە پێی ناوترێ شێتی. ئەمە جۆرێکە لە بلیمەتی و ئەندازەو بەرکەماڵی.

ئارەزووەکان ڕۆحمیان پارچەپارچە دەکرد. ڕەنگبوو بمتوانیایە ئەو ئارەزووانە بهێنمەدی، بەڵام نەمکرد. ئیتر یەکەیەکە وازم لەو ئارەزووانەم هێنا. وەك جۆرێك لە ئەندازە. کارێکی ڕێك و بێ خەوش. شەوێکیان بە مۆسیقایەك کە بۆ ئافرەتێکم ژەنی،

تاقە ئافرەتێك، سیحرم لە تەواوی ئافرەتـانی دونیـا كـرد. ئـەو ئافرەتە پێستی لەشی سپییەكی مەیلەو ئاڵ بـوو، دوو دەسـتی بێ زێڕو زیو، دوو پێی ناسك و بچكۆلانە. لەگەڵ مۆسـیقاكەی مندا سەری دەهێنـاو دەبـرد. بـەبێ ئـەوەی پێبكـەنێت، بـەبێ ئـەوەی چـاوی لەسـەر چـاوم هـەڵبڕێت. بەدرێـژایی ئـەو شـەوە مۆسیقام بۆ ژەنـی. كـاتێكیش هەڵـساو ڕۆیـشت بەتـەنها ئـەو نەبوو كە لە ژیانم چووە دەرێ، بەڵكو تەواوی ئافرەتـانی دونیـا لـە ژیـانم چـوونە دەرێ. هـەر بـە نیگـاكردنی منالێـك كـە لـە سـەرەمەرگدا بـوو سـیحرم لـە بـاوكی كـرد، لـە كاتێكـا خـۆم هـەرگیز بـاوك نـەبووم بـۆ چـەند ڕۆژێـك بـەدیار ئـەو منالـەوە مامەوەو لەگەڵ عەزابەكەیدا ژیام، زۆر جوان بـوو، دەمویـست من دوا شت بم كە ئەو لەم دونیایەدا دەیبینێت. كاتێكیش ئەو بەو نیگایەوەی لەسەر من بوو لەم دونیایە ڕۆی، ئەوە بە تەنها ئەو نەبوو دەڕۆی، بەڵكو هەموو ئەو منالانـەش كـە نـەمبوون دەڕۆیشتن. بە گوێگرتن بۆ گۆرانیی كابرایەك كە لە بـاكوورەوە دەهات، ئەو بستە خاكەم سیحراوی دەكرد كـە لـە گۆشـەیەكی ئەم دونیایەدا ماڵی من بوو. كاتێـك گوێـت بـۆ گۆرانییەكـەی شـل دەكـرد، هـەموو شـتێكت دەبینـی، دەربەنـدت دەبینـی، كەژوكێوەكانی ئەملاولای، ڕووبارت دەبینی كـە زۆر لەسـەرخۆ

ئاوەکەی دەهاتە خوار، بەفری زستانت دەبینی، گورگی شەوانە. کاتێکیش گۆرانییەکەی تەواو دەبوو، ئەو بستە خاکەی منیش لەگەڵیدا بۆ هەتاهەتایە دیار نەدەما. ئەو شەوە لە ڕێی ژەنینی مۆسیقاکەمەوە بۆ تۆو لەگەڵ تۆدا سیحرم لە هەموو ئەو هاوڕێیانەم کرد کە حەزم دەکرد هەمبن. لە سیمای تۆدا، لە چاوانی تۆدا، هەموویانم دەبینی، هاوڕێ ئازیزەکانم. کاتێکیش تۆ جێتهێشتم هەموویان لەگەڵ تۆدا جێیانهێشتم. کاتێ لە دەریای باکووردا شاخە سەهۆڵینەکانم بینی چۆن گەرما دەیانتوێنێتەوەو دەیانبەزێنێت، ماڵئاواییم لە سەرسامی کرد. کاتێ زەردەخەنەی تاڵی ئەو پیاوانەم دی کە جەنگ ماڵ ویرانی کردبوون، ماڵئاواییم لە پەرجووەکان کرد. کاتێ بینیم ئەم کەشتییە پڕدەکەن لە دینامیت، ماڵئاواییم لە تووڕەیی کرد. کاتێ توانیم هەموو ئاوازەکانی خۆم لەیەك نۆتەداو لە یەك ساتدا بژەنم، ماڵئاواییم لە مۆسیقاکەی خۆشم کرد. کاتێکیش تۆم دی هاتیت بۆ ئێرە، سیحرم لە بەختەوەری کردو ماڵئاواییم لێ کرد. برا، ئەمە پێی ناڵێن شێتی. ئەمە ئەندازەیە, وردەکارییە. من بەدبەختیم چەك کرد. من ئارەزووەکانم لە ژیانم وەدەرنا، تۆ ئەگەر بتتوانیبایە بگەڕێیتەوە بۆ ئەو ڕێگایەی من پیاهاتم، لەسەر ڕێگاکە یەك

یەك دەیانبینیت، سیحرلێکراو، بێ جووڵەو بۆ هەتاهەتایە وەستاو. نیشانەکانی ڕێی ئەم سەفەرەت پیشان دەدەن کە من حیکایەتەکەیم تەنها بۆ تۆ گێڕاوەتەوە.

(نۆڤێچێنتۆ دوور دەکەوێتەوەو دەچێتە پشتی شانۆوە)

(دەوەستێت و ڕوودەکاتەوە بینەران)

دەتوانم ئەو دیمەنە بهێنمە بەرچاوی خۆم، کە دێمە سەرەوە کابرایەك لە لیستدا بەدوای ناوی مندا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە.

- وتت ناوت چییە؟

- نۆڤێچێنتۆ.

- نۆژنسکی، نۆتابارتۆلۆ، نۆڤالیس، نۆڤاك...

- من لەناو کەشتیدا لەدایك بووم.

- بەڵێ؟

- من لەناو کەشتیدا لەدایك بووم و هەر لەوێش مردم تۆ بڵێی ناوی من لە لیستەکەتاندا هەبێت؟؟

- خنکاویت؟

- نەخێر. تەقێنرامەوە. شەش سەدو نیو کیلۆ دینامیت... بوووم.

- ئا... ئەی ئێستا حاڵت باشە؟

- بەڵێ، بەڵێ، زۆر باشە... بەس ئەم دەستەم... دەستێکم پەڕی... بەڵام دڵنیایان کردمەوە کە...

- دەستێکت نوقسانە؟

- بەڵێ، خۆت دەزانیت لە تەقینەوەکەدا...

- وابزانم جووتێ دەستی زیادەمان هەیە... کام دەستەت پەڕیوە؟

- دەستی چەپم.

- ئای...

- چی بووە؟

- دەترسم ئەو جووتەی هەمانە هەردووکیان دەستی ڕاست بن.

- دوو دەستی ڕاست؟

- بەڵێ، قەیدی چی ئەکا ئەگەر...

- ئەگەر چی؟

- دەمەوێ بڵێم قەیدی چی ئەکا ئەگەر دەستێکی ڕاستت بدەینێ؟

- دەستێکی ڕاست لەبری دەستی چەپم؟

- بەڵێ...

- ڕاستییەکەی نابێت... بەڵام هەرچۆنێك بێت لە هیچ باشترە.

- منیش وا دەڵێم. تۆزێك سەبرکە. دەچم بۆتانی دەهێنم.

- ئەی بەڵکو لەم ڕۆژانەدا دەستێکی چەپتان بۆ بێت...

- ئای.. دەستێکی سپی و دەستێکی ڕەش شك دەبەم...

- نا... نا... ئەمەویٚ لە ڕەنگەکەی خۆم بێت... هیچ شتێکم لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا نییە، بەڵام واباشترە کە...

سەیری ئەو نەگبەتییە بکە، دەبێ لە بەهەشتیشدا بۆ هەتاهەتایە بە دوو دەستی ڕاستەوە بم.

(بە دەنگێکی منگنەوە) ئەوەتانێ ئێستاش نیشانەی خاچ دەکێشین (دەست بە کێشانی نیشانەی خاچ دەکات، بەڵام دەوەستێت و سەیری دەستەکانی خۆی دەکات) قەت نازانیت کامیان بەکاربهێنیت.

(بۆ تاوێك دوودڵ دەبێت و پاشان بە هەردوو دەستی خێرا نیشانەی خاچ دەکێشێت) بۆ هەتاهەتایە، بۆ ملیۆنەها ساڵ، دەبێ وەکو کەمئەندامەکان بژیت.

(دووبارە بە هەردوو دەستی نیشانەی خاچ دەکێشێت)

دۆزەخێك لە بەهەشتدا. ئەمە شتێك نییە ببێتە مایەی پێکەنین. (بەرەو پشتەوەی شانۆ دەڕوات. هەنگاوێکی ماوە بچێتە دەرەوەی شانۆ، دیسانەوە ڕوو دەکاتەوە بینەران: چاوەکانی دەبریسکێنەوە)

بێگومان... بەڵام دەزانیت چ مۆسیقایەکی لێ دەردەچێت؟ بەو دەستانە... دوو دەستی ڕاست... بەو مەرجەی پیانۆیـەکی لێ بێت.

(دووبارە جیدی دەبێتەوە)

- برام، ئەوەی لەسەری دانیشتوویت داینامیتە. هەڵسەو بـڕۆ.

ئەمجارەیان هەر بەڕاستی شتەکان کۆتاییان هات و تەواو.

(دەچێتە دەرەوە)